# ڕەنگ لە شیعری گۆران و نیمایوشیج دا (توێژینەوەیەکی بەراوردکاری).

د.عەدنان عەبدولڕەحمان تەها
سکوڵی زمان
زانکۆی سلیمانی

پ.ی.د. شنۆ محمود محمد
سکوڵی زمان
زانکۆی سلیمانی

## پێشەکی

مرۆڤ بەردەوام لە ژێر کاریگەری ڕەنگەکانی ئەو ژینگەدایە کە تیایدا ئەژی و ئەمەش هۆکارێکی گرنگە کە بەردەوام حەز و سەرنجی مرۆڤی وروژاندووە.شاعیر بەوهێزەی کەلە ڕەنگەکاندا بوونی هەیە،هەستی خۆشەویستی، ترس،تووڕەیی، هتد... خۆی لە ڕێگەی شیعرەکانیانیەوەنمایش ئەکات. ڕەنگ وەك بەرجەستەترین ڕەگەز لە بازنەی هەستپێکراوەکاندا،هەر لە دێرزەمانەوە گیان و ناخی مرۆڤەکان بە گشتی و شاعیرانی بە تایبەتی بۆ لای خۆی کەمەندکێش کردووە و بووەتە ڕەگەزێکی دیاری دەرکەوتنی توانای داهێنەرانەی شاعیران لە شیعرەکانیاندا.ڕەنگ هەوێنی ئارامی و ترۆپکی ڕازاوەیی جیهانی مرۆڤەکانە و لەو نێوەندەدا شاعیرانیش وەك کەسانێکی جوانی ناس و هەست ناسك، بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی وێنەشیعرییەکانیان سوودیان لە ڕەنگەکان وەگرتووە یا خود ڕەنگیان وەك ڕەمز و هێما بۆ دەربڕینی ئەو چەمکانە بەکارهێناوە کە ڕاستەوخۆ بواری دەربڕینیان نەبووە، بە تایبەتی لەو سەردەمانەدا کە شیعری شاعیر بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتی چەوسێنەرەوە چاودێری کراوە.

ئەوەش بڵێن کە ئەو شتانەی لە دەوربەرماندا بوونیان هەیە، لە دوو بەش پێکهاتوون: فۆرم و ناوەرۆك، واتە ئەم دووانە تەواوکەری یەکدین و چاوی مرۆڤ سەرەتا شکڵ و ئەندازەی شتەکان ئەبینێت و پاشان سەرنجی بۆ

لای بەرگە رەنگیەکەی کە بەشێکە لە فۆرم رائەکێشرێت، بۆیە رەنگ نیشانەیەکی دیاری شتەبینراوەکانە.بۆ نموونە گوڵێکی سور، بە هۆی رەنگە سورەکەوەیەتی کە لە دوورەوە سەرنجی هەر بینەرێك بۆ لای خۆی رائەکێشێت، یان بە هۆی رەنگەوەیە کە ئەزانین میوەیەك کاڵە یان پێگەیشتووە.ئەمەش وایکردووە کە هەر مرۆڤێك بە پێی پسپۆڕی و تێگەیشتنی خۆی سەرنجی بۆ رەنگ هەبێت، زانایەك مەنتیق و ژیری کردووەتە بنەمای مامەڵەی لەگەڵ رەنگدا، بەڵام گۆشەنیگای شاعیر بۆ رەنگ جەوهەرییانەیە و لە ناخەوەیە و زۆرجار بینینەکانی شاعیر بە پێوەری ژیری و مەنتیق و زانستەرووتەکان ناپێورێت، چونکە لە بنەمادا تێڕوانینی شاعیر بۆ رەنگ جیاوازە لە تێڕوانینی مرۆڤەکانی تر، بۆیە شاعیر بە هۆی وشەکانەوە و بە بەکارهێنانێکی جیاواز لە قسەی ئاسایی خەڵك، تابلۆی شیعرەکانی ئەنەخشێنێت و رەنگیش رۆڵی سەرەکی بۆ ئەومەبەستە پێئەسپێردرێت.

لە سۆنگەی ئەو راستییانەی کە ئاماژەمان پێدا و بە سەرنجدان لە شیعری هاوچەرخی کوردی و فارسی بە گشتی و بەتایبەتی ئامادەبوونی دوو شاعیری دیاری وەك (گۆران و نیمایوشیج) و هەستی ناسك و وردبینانەیان لە دەقی شیعریدا، وایکرد کە بیرۆکەی توێژینەوەیەکی بەراوردکاریمان لە لا گەڵاڵە ببێت، بۆیە ئەم باسەمان ئامادەکرد بە ناونیشانی ((رەنگ لە شیعری گۆران و نیمایوشیج دا (توێژینەوەیەکی بەراوردکاری))، تاکو مەڵۆیەکی تر بخەینە سەر خەرمانی توێژینەوە بەراوردکارییەکان لە ئەدەبی کوردیدا و تیشکێك بگرینە تێڕوانینی ئەو دوو شاعیرە بۆ رەنگ و مەبەستە شیعرییەکانیان لە بەکارهێنانی رەنگدا.

ئەم باسە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام پێکدێت کە بەشی یەکەم تەرخان ئەکەین بۆ خستنەڕووی رەنگ لە شیعری (گۆران) و بەشی دووهەمیش، رەنگ لە شیعری (نیمایوشیج) دا ئەخاتەڕوو و پاشان لە دوای بەراوردکردنی تێکستەکانی هەر دوو شاعیر، ئەنجامی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێك ئەخەینە بەردیدی خوێنەر.

رێبازی کارکردنمان لەم باسەدا، بەراوردکارییەکی پراکتیکییە، کە لە سەر بنەمای قوتابخانەی ئەمریکی بۆ بەراورد باسەکەمان ئەنجام ئەدەین کە ئاشکرایە رێکارەکانی بەراوردی پراکتیکی لە قوتابخانەی ئەمریکیدا جەخت ئەکاتەوە لەسەر هاوبەشی لە چەمکە ئەدەبییەکانی نێوان بەرهەمی ئەدەبی دوو شاعیر و هەوڵئەدات بە خستنەڕووی ناوەڕۆکی فیکری و وێنەی شیعریی هاوبەش لە بەرهەمی هەردوو شاعیردا بەراوردێکی پراکتیکی بە ئەنجام بگەیەنێت و کارێکی زانستی تۆکمە پێشکەش بکات بۆیە ئێمەش تابلۆی وێنە شیعرییەکانی هەردوو شاعیر تایبەت بە رەنگ لە شیعرەکانیاندا ئەخەینەڕوو و پاشان بەراوردیان ئەکەین تا خوێنەر ئاشنا ببێت بە تێڕوانینی هەردوو شاعیر لەو بوارەدا و شایەنی ئاماژەپێدانە کە دەقە فارسیەکانیشمان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەویش بۆ زیاتر تێگەیشتنی خوێنەری بەڕێز.

## کورتەیەك لە سەر چەمکی رەنگ:

بە درێژایی سەدەکان، رەنگ بۆ مرۆڤەکان، مانا و دەلەلاتی جۆراوجۆری هەبووە. بۆ نموونە :

(رەنگ بۆ (سانت ئەگۆستین – فەیلەسوف و بیریاری مەسیحی –) پەرچدانەوەی ئەفلاتوونی بوو بۆ دروستکاری گەردوون و بۆ (نیوتن – زانای بواری فیزیك –) رەنگ وزەی رووناکی بوو و هەروەها بۆ (ۆلفگانگ – زانای ئەڵمانی –) مانای خوێنی هەبوو بۆ لەشی مرۆڤ و بۆ (گۆتە – شاعر و نووسەری ئەڵمانی –) بریتی بوو لە تێگەیشتنێکی زەینی و بۆ (جۆن لاك – فەیلەسوفی ئینگلیزی –) چۆنیەتی ئەو شتانەیە کە ئەیانبینین)[1]

بەو پێیەی کە هێما، مانای جۆراوجۆر بەیان ئەکات و لە یەك مانادا قەتیس نابێت، بۆیە رەنگ باشترین رەگەزە بۆ هێماگەری لە دەربڕیندا بە گشتی و بە تایبەتی لە دەقە شیعرییەکان.هێمای رەنگ، تەواوکەری ئەزموونی مرۆڤەکان و کاردانەوەی بیروبۆچوونی خەڵك و تێڕوانینیانە بۆ شتەکان بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، بۆ نموونە لە (ئەفسانە یۆنانییەکاندا خواوەندەکانیان بە رەنگی درەوشاوە وەسف ئەکرد یا خود هندییەکان رەنگی بوزایان بە زەردی ئاڵتوونی دانابوو و مەسیحیەکان رەنگی شینیان ئەدایە پاڵ مەریەمی پاکیزە و رەنگی سەوزیان تایبەت کرد بوو بە عیسای مەسیح) [2]

زەمینەی هێماگەری لە رەنگدا، پەیوەستە بە پێگەی جوگرافی، فەرهەنگ و روناکبیری و بارودۆخ و تایبەتمەندی رۆحی و دەروونی مرۆڤەکانەوە. بۆیە ئەگونجێت کە هەر رەنگێك لە ژینگەیەکی تایبەتیدا، هێما بێت بۆ بابەتێك یان شتێك و ئەکرێت هەر نەتەوەیەك بە پێی بارودۆخی تایبەتی ژینگەکەیان رەنگێکیان خۆش بوێت و رقیان لە رەنگێکی تر بێت، بۆ نموونە (عەرەبەکانی سەردەمی جاهیلی، رەنگی سەوزیان – هێمای لەوەڕگا و بوونی گژ وگیای پێویست بۆ ئاژەڵ –گەلێك خۆش ئەویست و بە پێچەوانەوە رقیان لەرەنگی سوور ئەبووەوە.ئەوان ساڵی سوور (السنة الحمراء) یان بە ساڵی وشکەساڵی ناوزەد ئەکرد و مەرگی سوور (میتة الحمراء)یان بە خراپترین مەرگ دائەنا و بای سوور (ریح الحمراء)بە خراپترین و مەترسیدارترین رەشەبا لە قەڵەم ئەدا.لە لای موسوڵمانانیش رەنگی سەوز رەنگێکی پیرۆزە و رەنگی سوور بە رەنگی شەیتان ئەزانن و ئەمەش سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام، لە کاتێکدا کە لە لای ژاپۆنیەکان، رەنگی سوور رەنگی خۆشبەختی و راستگۆییە و ژنەکانیان پۆشاکی رەنگ سوور لە بەر ئەکەن و لە جەژنی لەدایك بوونی کۆندا کە تایبەتە بە ژاپۆنیەکان، وەك هێمای نزا بۆ خۆشبەختی، برنج بە رەنگی سوور لێئەنێن) [3]

مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە زیاترین مامەڵەی لەگەڵ (سپییێتی) رۆژ و (رەشی) شەودا هەبووە و پاشان ئەوەی بۆ دەرکەوت کەرەنگەجۆراوجۆرەکانی ناو سروشت وەك هێما بەکاربهێنێت وکاری رۆژانەی خۆی پێ ڕایی بکات. ئەمەش لەو تایبەتمەندییە دەروونیەی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەمیشە حەزی بە چوست و چالاك بوون

و گەشەسەندن هەیە و ئەم حەز و خواستانەش بە پێی ژینگە و بارودۆخی کەسەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونـە مرۆڤـی هەنـدێك شـوێن ڕەنگـی زەرد بـە هێمـای (نـەفرەت) لێـك ئەدەنـەوە و هەنـدێکی تـر هێمـای (سۆزبەخشـین) یـان داوەتـە پـاڵ یـا خـود لـە لای کەسـانێك ئـەم ڕەنگـە، هێمـای (مـەرگ و نەخۆشـی) و لـە لای دەستەیەکی تر هێمای (خیانەت و ناپاکییە) و دەیان هێمای تر، بۆیە هێماکان لە لای هەموو کەسـەکان وەك یـەك نییە، بەڵام بە گشتی ئەکرێت بە کورتی لە خوارەوە ئاماژەیەك بدەین بە ماناو دەلالەتی ڕەنگەکان.

## ڕەنگی سپی :

لە شیکاری ڕەنگی(سپی)دا،کە زۆرکات بە بێڕەنگ دانراوە، پاکی و نەزاهەت و بێتاوانیمان دەست ئەکەوێت. بۆیـە ڕەنگـی (سـپی)، هێمـای (ئاشـتی و ئازادی)یـە و ئـاڵای ئاشـتی لـە شـەڕدا ڕەنگـی (سـپی) یـە، (ئەگـەرچی لـە هەنـدێك شـوێنی وەك چـین ئـەم ڕەنگـە، ڕەنگـی پرسـە و ماتەمـە و لـە سـنووری دەسـەڵاتی غەزنەویـەکان و عەباسییەکانیش بە هەمان شێوە ڕەنگی ماتەم بووە) [٤]، کەواتـە (ڕەنگـی سـپی لـە چەمکە ئەرێنیەکەیدا، هێمـای روناکی و پیرۆزی و پاکییە و لە چەمکە نەرێنیەکەشیدا، هێمای مەرگ و ترس و بابەتەکانی سەروو سروشتە)[٥]

(هەڵبەت ڕەنگی سپی لە هێمای مەرگ و پرسەشدا،مانایەکی پۆزەتیڤی هەیە،چونکە لە بەرکردنی کفنی ڕەنگ سپی لە مردووەکان، هێمای ئارەووز و نزایـە بۆ خۆشبەختی و عاقیبـەت بە خێری بۆیـان و هـەروەها لـە دینـی ئیسلامیشدا جەخت کراوەتە سەر پۆشینی جل و بەرگی ڕەنگ سپی و بە ڕەنگێکی پیرۆز دانراوە) [٦]

بۆیـە ئـەبینین کـە موسـڵمانان لـە کـاتی حـەج و عـەمرەدا، پۆشـاکی سەرتاپاسپی ئەپۆشـن و ئـەم ڕەنگـەش دەلالەتی بێگەردی و تۆبەکردنە لە تاوان و گوناهی ڕابڕدوو و لـە قورئـانی پیرۆزیشدا لە(ئایـەتی ١٠٦ – ١٠٧)ی (سورەتی ئالی عمران) دا هاتووە کە ئەفەرموێت: (ئەو ڕۆژەی کە هەندێك روخسار سپی و هەندێکیشـان روخسـار ڕەش ئەبن) و مانای سپێیەتی روخسار، واتە سەربەرزی و چوونە بەهەشتی بەرین.

## ڕەنگی ڕەش :

ڕەنگی (ڕەش)، هێمای شەو، تاریکی،خـەم، تـرس، ڕاڕایی و ڕەنگی خەفـەت و ڕەنگـی مەرگـە. ئـەم ڕەنگـە بـە ڕەنگـی شـەیتان و ئەهریمەنـەکان لـە قەڵـەم دراوە و ڕەنگێـك بـووە بـۆ شـاردنەوەی تـاوان و دزی و خراپـەکاری. ڕەنگی ڕەش ڕەنگی ماتەم و شیوەنە، دەستەواژە گەلێکی وەك ساڵی ڕەش (ساڵی وشکە ساڵی و کـەم بـارانی) و یان کۆمەڵگای ڕەش و مێژووی ڕەش و هتد... دەرخەری کاریگەرییە نەرێنیەکانی ئەم ڕەنگەیە.

(لەدەستەواژە عیرفانیەکاندا،(مـەرگی ڕەش(مـوت الاسـود)،بەرگەگرتنی مرۆڤـەکان بـۆ ئـازار و نیشـانەی(فناق

الله)یه) [٧]

(ئـەم ڕەنگـە –کـە ڕەنگـی شـەوە – نیشـانەی داپۆشـین ونهێنـی پاراستنە،دەروێشـێك کـە ڕەنگـی ڕەش لەبەرئەکات، پێویستە نهێنیەکانی ئەو تەریقەتەی خۆی بپارێزێت و بە شاراوەیی بیهێڵێتەوە) [٨]

(ڕەنگی ئالآی (دزەکانی ناودەریا)، ڕەش بووە، چونکە خاوەنی هێز و زەبر و زەنگ بوون و هێرشیان کردبێتە سەر هەرکەس و گروپێك زەرەری گەورەیان لێیان داوە، لە لای کورد ڕەنگی ڕەش بە واتای دڵتەنگی و داخی گران بەکارهاتووە، ئەمەش وایکردووە ڕۆژانی پڕ مەینەتی و ناخۆشی و دڵتەنگی بە (ڕۆژانی ڕەش) ناوبرێن، ئەم ڕەنگە بە واتای ترس لە شتی نادیار هاتووە و هەر ئەمەش وایکردووە ڕەش ببێتە ڕەمزی تاریکیی ژیان، لە سەردەمی عەباسییەکاندا ڕەنگی ڕەش دروشمی (پرسە و مەرگ) بووە و ئێستاش وەهایە) [٩]

لە ئایەتی (٥٨) ی سورەتی (النحل) دا، ئاماژە بە ڕەنگی ڕەش کراوە کە ئەفەرموێت : (کاتێك کە موژدەی لەدایکبوونی کچیان پێ ئەدرا، ڕەنگی روخساریان ڕەش هەڵئەگەڕا و تووڕەیی دایئەگرتن)و هەروەها لە ئایەتی (١٨٧) ی سورەتی (البقرە) دا، هاتووە کە (بخۆن و بخۆنەوە تا هێڵی سپیتان لە هێڵی ڕەشی دەمەوبەیان لێ ئاشکرا ئەبێت و پاشان ڕۆژووەکەتان تاکو شەو تەواو بکەن)

## ڕەنگی شین :

ڕەنگی شین، هێمای لە خۆبوردوویی،سولْح و هێمنی یە و ڕەنگێکی خوازراوە لە لای کەسانی پێگەیشتوو و هاوسەنگ و خۆبەکەم گر. (شین)، ڕەنگی مەعنەویات و باوەڕ و ئومێد و سەرکەوتنە .

(لە لای چینیەکان ئەم ڕەنگە، هێمای لە ناوچوونە و ئینگلیزەکان بە ڕەنگی تووڕەیی و خەمۆکی ئەزانن و لە لای یۆنانیەکان هێمای ستەمە، لە ئوستوڕالیا وەفا و گەرم و گوڕی، لە بەرازیل ئاسایش و خوێنساردی،لە فەرەنسا و ئیتاڵیا دەرخەری ترس و لە پورتوگال هێمای حەسادەت و لە سویسرا ڕەنگی شین، هێمای تووڕەیی بێ سنوور و سەرکێشییە.لە فەرهەنگی ڕەمزەکاندا، ڕەنگی شین بۆ خواوەندەکان (ژوپیتەر) و هاوسەرەکەی (جونیۆ) تایبەت کراوە و بە هێمای هەستەکانی ئاینزایی و پاکی و پیرۆزی لە قەڵەم دراوە) [١٠]

(لە میسری کۆندا(شین) نیشانەی دانایی و لە سنووری خێزاندا،هێمای دادپەروەری،خۆبەکەم گری،وەفاداری، پاکداوێنی،شایی،دروستی،ناوبانگی باش،عەشق و خۆشبەختیەکی نەمرە.هەروەها بە پێی دەقە کۆنەکانی بودا لە نێوان ئەو سی و دوو خاڵە گرنگەی کە پیاوێکی گەورە ئەبێ هەیبێت، هەبوونی دوو چاوی شینە.کڵێسای ئینگلیزی کە شوێنکەوتوویی (سەنت سارووم) ن، ڕەنگی شین بە هێمای ئومێد، عەشق بۆ کاروباری ئیلاهی،ڕاستگۆیی و خۆپارێزی لە تاوان دائەنێن) [١١]

(له بەر پیرۆزی، زۆرجار بۆ کوتین بەکاردێ و لە سەر دەست و پێ و دەموچاو و لەش، خاڵی پێ دروست ئەکرێ و لە لای عەرەبەکان، بە زۆری بەکارئەهێنرێ و ژن و کچی کوردیش خاڵکوتینیان لا پیرۆز و جوان بووە، شین، بە رەنگی توانا لە قەڵەم ئەدرێ و هێز ئەداتە دەروونی مرۆڤ، لە ناو کورددا رەنگی شین واتای ئاسمانی بەرینی لە بن نەهاتوو و واتای رۆح ئەگەیەنێ و هەروەها واتای بەرزیی ژیان ئەگەیەنێ...، لە لایەکی کەوە بۆ واتای چاوەزار و دوورخستنەوەی دەرد و بەڵاو چاوپیسان بەکاردێ) (١٢)

## رەنگی سەوز :

(رەنگی سەوز بە واتای ژیان و ژیانەوە هاتووە، سەرچاوەی ئەم واتایەش لەوەوە هاتووە کە رەنگی گەڵای دارو درەخت سەوزە، ئەمەش سەرچاوەی ژیانە بۆ درەختەکە و گیانلەبەرانی تر، ئەم رەنگە بە رەنگێکی بێ لایەن ناسراوە و ئەبێتە هۆی ئارامی بەخشین و دڵنیایی، بەڵگەشمان رەنگی سەوزی گڵۆپەکانی هاتۆچۆیە، کە نیشانەی دڵنیایی و سەلامەتیە لە تێپەڕبووندا و دوورکەوتنەوەیە لە کارەساتی دڵتەزێن و کوشندە و هەر ئەمەش وایکردووە کە (هێمای سەوز) بە هێمای ئارامی و دڵنیایی لە قەڵەم بدرێ و جگە لەوەش شاڵی سەوز واتای گەڕانەوە بۆ بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ) ئەگەیەنێ کە ئەمەش خۆی بە سیمای جیاکردنەوە دائەنرێت، لەلای کاسۆلیەکەکانیش رەنگی سەوز پیرۆزە و بەسەر رەنگەکانی کەدا ئەشکێتەوە و بە چاوێکی تایبەتی سەیری ئەکەن، هەروەها لە لای مەسیحیەکان بە گشتی رەنگی (تەعمید)ە و بە واتای ئەو منالەی کە لەدایك ئەبێ لە تەمەنێکی دیاریکراودا لە ئاوێکی تایبەتی هەڵیئەکێشن و ئیدی ئەبێتە مەسیحی، لە ئیسپانیا بە واتای شەرەف دێ و بۆ ئەم مەبەستەش کڵاو و شەپقەی سەوز بە واتای هێمایە بۆ شەرەف و سەربەرزی. لە گەلێ وڵاتی جیهاندا رەنگی سەوز بە واتای گەشەسەندن دێ و ئەمەش گەشەسەندنی بوارە جیاجیاکانی ژیان ئەگرێتەوە) (١٣)

لە قورئانی پیرۆزیشدا لە چەندین ئایەتدا ئاماژە بە رەنگی سەوز دراوە کە وەك رەنگێکی پیرۆز ناوزەد کراوە، لە سورەتی(الحج) ئایەتی(٦٣) دا خوای گەورە ئەفەرموێت:(ئایا نابینن کە بەراستی خوا لە ئاسمانەوە باران ئەبارێنێ و بە هۆیەوە سەرزەوی سەوز ئەبێت و خوا بە لوتف و بە ئاگایە)، یان لە سورەتی (کەهف) ئایەتی (٣١) دا ئەفەرموێت : (وە بەهەشتیەکان جل و بەرگی رەنگ سەوز ئەپۆشن).

(رەنگی سەوز لە پێگەی هێمنترین رەنگەکاندا، هێمای ئیمان، باوەڕبوون بە رۆژی دوایی و مەحشەرە، چونکە رەنگی سەوز، واتە دووبارە ژیانەوە.لە داب و نەریتی ئاین و ئایینزاکاندا، سەوز رووکاری ئیمان و چاوەڕوانی بۆ رزگاربوونە و هەروەك رەنگی شین، هێمای پیرۆزی و پاکییە. رەنگی سەوز لە دەستەواژەکانی عیرفاندا، هێمای مرۆڤە هیممەت بەرز و دڵ زیندووەکانە و (موت الاخضر) ئاماژەیە بۆ لەبەرکردنی پۆشاکێکی بێ بەهای

ڕەنگ سەوز کە سۆفییەکان لەبەری ئەکەن و ژیانیان بە قەناعەت بەسەر ئەبەن و بەو خۆدوورگرتنە لە دونیا و خۆشییەکانی، ئەگەنە چێژی دەروونی و سیمایان نوورانی ئەبێت) [١٤]

## ڕەنگی سوور:

(ئەم ڕەنگە، درێژترین شەپۆلی روناکی هەیە، کە هێمای ئاگر، ژیان، توانا، لە خۆبووردوویی و عەشقە. ڕەنگی سوور ئاماژەئەنێرێت،هەر ئەوەشە کە لە هێماکانی هاتوچۆدا بۆ دۆخی وەستان سوود لەم ڕەنگە بینراوە. ڕەنگی سوور، وەك هێمایەك بۆ توانای نێرینەیی پیاوان لە قەڵەم دراوە،کە ئەبێتە هۆی وروژانی ئەو حاڵەتە لە پیاواندا.لە میسردا ئەم ڕەنگە پارێزەری ئاگرە و لە ژاپۆن، هێمای خۆشبەختی و لە تێڕوانینی سۆسیالیت و کۆمنیستەکاندا هێمای ئازادییە) [١٥]

(ڕەنگی سوور هێمایە بۆ ژیان و گەشەی گژ و گیاکان و نیشانەی حەماسەت و شۆڕشە و بە تێکڕا سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ڕەنگە هێمای وزە و بزاوتن و خوێنە، نیشانەی شەرم و حەیا و عەشقە و بە نزیکەیی لە لای هەموو گەلان بەم چەمکە ناسراوە) [١٦]

(لە بواری بیرو باوەڕی ئاینیشدا، ڕەنگی سوور بە واتای جیاجیا هاتووە، لە لای ئایینەکانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە واتای قوربانیدانە لە ڕێگای بیروباوەڕدا، هەروەها نیشانەیە بۆ دۆزەخ و بەو پێیەی کە ئاگری دۆزەخ سوورە پلەی گەرماکەشی بڵندە، لە لای ڕۆمانیەکان ئاڵای سوور هەڵبکرایە، ئەوا بە مانای بەرپابوونی جەنگ ئەهات، لە رووسیای جاران، سوور بە واتای (بێ ئەقڵی) ئەهات کەچی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕەنگی سوور بە واتای رژێمێکی کۆمەڵایەتی هاتووە. لە لای چینیەکان بە واتای دڵخۆشی هاتووە، ڕەنگی سوور بە واتای پێشوازی و خۆشحاڵی هاتووە، بەڵگەش بۆ ئەمە ڕاخستنی فەرشی سوورە بۆ پێشوازیکردن لە سەرۆکی دەوڵەتان بە پێی ئەو ڕێوڕەسمەی کە هەر وڵاتێك بە پێی نەریتی خۆی و وڵاتەکەی ئەنجامی ئەدات) [١٧]

لە ناو کورددا ڕەنگی سوور بە واتای خۆشەویستی و جموجوڵ و بزاوتن هاتووە (لە سەردەمی سەفەویەکاندا قزڵباشە کوردەکان ناوچەوانی خۆیان بە پارچەپەڕۆیەکی سوور ئەبەست) [١٨]

لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیشدا تەنها لە یەك ئایەتدا باسی ڕەنگی سوور هاتووە و ئەویش ئایەتی (٢٧) ی سورەتی (فاطر) ە کە ئەفەرموێت : (وە لە کوێستانەکاندا ڕێگە گەلێکی سپی و سوور و ڕەنگ جیاوازمان بۆ سازاندوون کە تاشەبەردەکانی سەخت و ڕەشن).

## ڕەنگی زەرد :

(ڕەنگی زەرد، هێمای هەمیشە و تا هەتایی بوونە، ئەم ڕەنگە لە وڵاتەجیاوازەکاندا چەمکی تایبەتی هەیە. لە وڵاتی چین و شارستانیەتی مەسیحی ڕۆژئاوا و تا ڕادەیەك ئێرانیش، ئەم ڕەنگە ڕەنگی بە پیرۆززانینە و بۆیە لە کاتی کێشانی نیگاری گەورەپیاوانی ئایین، خەرمانەیەك لەم ڕەنگە بەدەوری سەریاندا کێشراوە، بەڵام بە گشتی لە فەرهەنگی گەلانی جیهاندا، ئەم ڕەنگە، هێمای ئیرەیی، خیانەت،بێزاری،بەڵا و نائومێدبوونە) [19]

(ئەڵێن کە هۆکاری سەرەکی چەمکی نەرێنی بوونی ڕەنگی زەرد لە لای گەلانی ئێرانی – هێمای بێزاری و نائومێدی و نەخۆشیە – نەخۆشی زەردوویی بووە کە خەڵکێکی زۆربە هۆیەوە مردوون ) [20]

لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژە بە چەمکی ئەرێنی ڕەنگی زەرد کراوە کە لە (ئایەتی ٦٩)ی (سورەتی بقرە)دا ئەفەرموێت : (مانگایەکی ڕەنگ زەردی تۆخ کە بینەرانی خۆشحاڵ ئەکات) و هەروەها بۆ چەمکی نەرێنی ڕەنگی زەرد،لە (ئایەتی ٣٣) ی (سورەتی مرسلات)دا هاتووە کە ئەفەرموێت : (بڵێسەی ئاگری دۆزەخ وەك حوشترانی ڕەنگ زەرد وایە).

(لە ئایینی بوزیدا دروشمی پیاوە ئایینیەکان ڕەنگی زەرد بووە،کە بە ڕەنگێکی پیرۆزیان داناوە و لە لای ئەڵمانەکانیش ڕەنگی زەرد خواوەندی بەهار بووە، لە لای چینیەکان ڕەنگێکی مەلیکانە بووە و هەموو کەسێك بۆی نەبووە ئەم ڕەنگە لەبەر بکات، یان وەکو نیشانە بەکاری بهێنێ، لە لای کوردی یەزیدی مایەی خێر و خۆشییە، هەر لەبەر ئەمەشە لە کاتی بەیاندا و لە کاتی ئێوارەدا ڕوو لە ڕەنگی زەردی تیشکی هەتاو ئەکەن و لە خوا ئەپاڕێنەوە تا چاکە ڕوویان تێبکات، لە لایەکی کەشەوە ڕەنگی زەرد بە واتای ئاگایی و ڕۆشنی دێت. لە لای زەردەشتیەکانیش ڕەنگی زەرد پیرۆز بووە، چونکە خۆر خۆی تیشکی پیرۆزە، ئەم پیرۆزییەش بەشێکە لە نەریتی کورد. زەرد ڕەنگی خۆری ئاڵای کوردستانە، کە نیشانەی ڕۆشنایی و پیرۆزی و ڕەمزی خۆشبەختیە)[21]

(ڕەنگی زەرد بە واتای ڕەمزی ڕۆژی قیامەت هاتووە) [22]

## ڕەنگی وەنەوشەیی یان مۆر :

(ئەم ڕەنگە کۆکەرەوەی چەمکی هێمای هەردوو ڕەنگی سوور و شینە، هێمایە بۆ ئەندێشەی بیرمەندانە و عارفانە، ڕەنگی ڕەوشت بەرزی و ڕۆحانی بوون و گەورەیی دەروونە. ڕەنگی وەنەوشەیی ڕەنگی خۆپارێزییە لە خراپەکان و هێمای تێپەڕبوونە لەم دونیایەوە بەرەو مەرگ) [23]

(لە ڕەنگی سوور ئازایەتی و پیاوەتی وەرگرتووە و لە شینەکەش شەرەف و دەستپاکی. هەندێ جاریش واتای ژووانی خۆشەویستان ئەگەیەنێ، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە ڕەنگی مۆر لە ڕابردوودا لایەنی پۆزەتیفانەی لە خۆ گرتووە و هیوای بەخشیوە، هەروەها بە واتای هەستەوەری و ڕژدی بەکارهاتووە، مۆر بە واتای نموونەیی

و دەگمەنی بەکاربراوە، کەچی لە شوێنی کەدا رەنگی مۆر بە رەنگی ناخۆشی و خۆبەدەستەوەدان و کۆڵدان دانراوە. لە ناو ئەو واتایانەدا کورد تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی کە رەمزی خۆشەویستییە، لە لایەکی کەشەوە واتای تەنهایی و بێتوانایی ئەگەیەنێ، رەنگی مۆر زۆر ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و لە ناو واتاگشتیەکانی رەنگدا رووبەرێکی زۆر کەمی داگیر کردووە.) [٢٤]

**رەنگی خۆڵەمێشی و قاوەیی :**

(بە رەنگێکی بێلایەن ناو ئەبرێ، زۆرجار بە ناوچەیەکی لەچەك داماڵراوی ئەژمێرن، یان بە پارچە زەوییەکی دائەنێن کە خاوەنی نەبێ، بەڵام کە دێینە سەر واتاکانی ئەم رەنگە، گەرچی کەمن، بەڵام کاریگەرن، خۆڵەمێشی بە واتای بازرگانی و دەوڵەمەندی دێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە تایبەتمەندییەکانی رەنگی رەش و سپی لە خۆیدا کۆ ئەکاتەوە، چونکە ئەم رەنگە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی رەنگی رەش و رەنگی سپی بەدەست ئەهێنرێ، ئەم رەنگە بە واتای پتەوی و قەیرەیی دێ) [٢٥]

رەنگی قاوەیی بەوپێیەی کە رەنگی زەوییە، هێمای خاکی بوون و سروشتی بوون و جیاواز بوونە، ئەکرێت زۆرجاریش هێمای ئاڵۆزبوون بێت، رەنگی قاوەیی هەستی گەرمی و خۆشەویستی و هێمنی و ئاسایش ئەنوێنێت و هەندێك کاتیش هەستی خەم و گۆشەگیربوونە. ئەم رەنگە کەمتر بووەتە جێی سەرنجی خەڵك بە گشتی و شاعیران وەك کەسانێکی هەست ناسك بە تایبەتی.

**بەشی یەکەم:**

**رەنگ لە شیعرەکانی گۆران دا**

گۆران وەك هەر شاعیرێکی تر، رەنگ و دەلالەتە شیعرییەکانی رەنگی کردووەتە ئامرازی دەستی بۆ گەیاندنی مەبەستی شیعری خۆی، رەنگەکان بەو پێیەی هەڵگری چەندین واتای هێمایی و دەلالەتی جۆراوجۆرن، بۆیە پانتاییەکی بەرچاویان لە شیعری ناوبراودا داگیر کردووە، بە تایبەتی کە ((زۆربەی شاعیرانی تازەکەرەوە و رۆمانسی بایەخێکی گەلێك گرنگیان بە رەنگ داوە و واتا و رووکەشی رەنگیان بە گەلێك جۆر بەکارهێناوە)) [٢٦]

بە سەرنجدان لە کۆی ئەو بەرهەمە شیعرییانەی گۆران کە لەبەردەستدان و بە مەبەستی وەرگرتنی ئامارێکی ورد لە بواری بەکارهاتنی رەنگەکان لە تێکستەشیعرییەکانیدا، گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :

لە شیعرەکانی گۆراندا، رەنگی زەرد و هاوچەشنەکانی (ئاڵتوونی، زیوی، زێڕی، گەش)، زۆرترین جار

بەکارهێنراوە کە (٩٣ جار) دوبارە بووەتەوە و پاش ڕەنگی زەرد، ڕەنگی سوور و هاوچەشنەکانی (ئاڵ، یاقووتی، ئەرخەوانی، پەمەیی،خوێنی، ئاگری) دێت کە شاعیر لە (٨٨) شوێن لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون و پاشان ڕەنگی ڕەش و هاوچەشنەکانی (سیا، تاریك، ظلمت، تاریك ولێڵ، موشیکن) بە پلەی سێیەم دێت کە شاعیر (٨١ جار) ئەم ڕەنگەی بەکاربردووە و دواتر ڕەنگی سپی کە شاعیر (٥٢ جار) بەکاریهێناوە و دوای ئەم ڕەنگەش، ڕەنگی شین و هاوچەشنەکانی (کاڵ، مۆر) دێت کە گۆران (٣٨ جار) سوودی لە ڕەنگی شین وەرگرتووە و ناوبراو لە ڕەنگی سەوز (٣٤جار) کەڵکی وەرگرتووە و لەهیچ تێکستێکی شیعری گۆراندا ڕەنگی (وەنەوشەیی و خۆڵەمێشی و قاوەیی) بەرچاوناکەون کە سەرجەم ئەکاتە(٣٨٦ جار)، ئەمە سەرەڕای ئەودەستەواژانەی کە گۆران لە چەندین نموونەی شیعریدا بەکاری بردوون، وەك (ڕەنگاوڕەنگ، نەخشین، ئەلوانی قەزەح، ڕەنگ، ڕەنگین، زێڕین) :

دەعبای ناو ئەشکەوت و، ماسیی گۆمی شین، / باڵداری ڕەنگاوڕەنگ، پەپولەی نەخشین !... (٢٧)

لە چواردەوری ئەم ئاگرە : ڕەنگاوڕەنگ / کۆڕ گیراوە بە پێکەنین و ئاهەنگ (٢٨)

شیعرێ کە هەر دەنگێکی زرنگەی زەنگ بێ / هەر کەرتێکی نەخشێکی ڕەنگاوڕەنگ بێ (٢٩)

کەوتە تەنکی هەوری ڕەش و چڵکنی پێشوو / ئەلوانی قەزەح تێکەڵی بوو، کون بووە ناوی (٣٠)

لە شەش پیت پێکدێ و شەش هەتا چواری / لە ناو ڕەنگانا ڕەنگێکە دیاری (٣١)

ڕووی دنیا سەوزە و ناوبەناو ڕەنگین / لووتکەی شاخ سپی و ڕەنگی ئاسمان شین (٣٢)

پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر / چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر (٣٣)

بە پێی ژمارەی بەکارهاتنی ڕەنگەکان لە تێکستەشیعرییەکانی گۆراندا، یەك لە دوای یەك ڕەنگەکان ئەخەینە بەرباس و نموونەی دەقی شیعرییان بۆ ئەخەینە ڕوو :

## ڕەنگی زەرد و هاوچەشنەکانی :

ڕەنگی زەرد، زۆرترین جار لە شیعری گۆراندا دوبارە بووەتەوە، لە زۆربەی نموونە شیعرییەکاندا وشەی (زەرد) هاتووە و لە هەندێك نموونەشدا وشەکانی (ئاڵتوونی، زیوی، زەڕ، زەردە، گەش) بەکاربراوە.

وەك مانا و دەلالەتی شیعری، ڕەنگی زەرد لە زۆردەقی شیعریی گۆراندا بە هەمان مانا ڕاستەوخۆکەی بەکارهاتووە وەك لەم نموونانەی لای خوارەوەدا ئاماژەیان پێئەدەین :

میوەی گەیشتووی زەرد و سووری باخ / جریوە و جووکەی دارستانی شاخ (٣٤)

گا ئەمگوشی ئەو روومەتە نەرمە بە بەری دەست　　　گا شانەو گوڵباخم ئەدا لەو قژە زەردەت [٣٥]

زۆر قژی زەرد سەرنجی راکێشاوم　　　زۆر چاوی شین داویە پرشنگ لە چاوم [٣٦]

یەکێ قژ زەرد، یەکێ چاورەش　　　یەکێك لێو وەك گوڵ – غونچەی گەش [٣٧]

کە شۆخە و قژ زەردە و، باڵا رێك و بەرز　　　خەمخواری نەناسە وەك فریشتەی عەرز [٣٨]

بەدەست خۆیان بەند ئەکەن وەك مۆمی زەرد　　　بە دیرەکی کەشتیەکانی ئەمەریکاوە [٣٩]

لەم نموونانەی سەرەوە وشەی (زەرد) تەنها بەمەبەستی خستنەڕووی رەنگی زەردی ئەو وشانە هاتووە کە لەگەڵیدا هاتوون و شاعیر تەنها ئەیەوێت رەنگی ئەو شتانە بۆ خوێنەر دەربخات، بەڵام هەمان وشەی (زەرد) لە چەندین شوێنی تردا بە مەبەستی تر بەکارئەبات و دەلالەتی شیعری تایبەتی پێ ئەبەخشێت.

تەبیعەت زەرد و ژاکاوە، لە حاڵی گیان کەنشتایە　　　نیشانەی ماتەمی پاییز لە فرمێسکی درشتایە [٤٠]

لە دەستەواژەی (تەبیعەت زەرد) دا، شاعیر مەبەستی ئەوەیە کە واتای خەم و خەفەت و نەخۆشی و سیس بوون بگەیەنێت، کە یەکێکە لە دەلالەتەکانی رەنگی زەرد وەك پێشتر ئاماژەمان پێدابوو و لێرەشدا شاعیر بۆ ئەو مەبەستە وشەی (زەرد) ئەخاتە پاڵ (تەبیعەت).

دڵۆپی فرمێسکی کەوتە سەر رووی زەردم　　　ئەو دەستە چڵکنەی دوو لێوی تەڕکردم [٤١]

لەم نموونەیەی سەرەوەشدا (رووی زەرد) واتای نەخۆشی و لاوازی و برسێتی ئەگەیەنێت کە بەرەنجامی کارێکی زۆر و پڕوکێنەرە و شاعیر وشەی (زەرد) ی بۆ ئەو مەبەستە خستۆتە پاڵ (ڕوو)، کە لە تێڕوانینی کۆمەڵایەتی کوردیشدا (رووخسار زەردبوون) نیشانەی نەخۆشی و لاوازییە.

رووی زەردی شەرم، رووی داوەشین　　　ئەکەنە کام خاوەن برین [٤٢]

لەم نموونەیاندا، دەستەواژەی (رووی زەرد) مانای نەخۆشی و لاوازی نییە، بەڵکو مەبەستی شاعیر (رووزەردیی و حەیاچوونە) و بەکارهێنانی ئەم دەلالەتەش لە کوردەواریدا هاتووە کە ئەڵێین (هەی رووزەرد)واتە (داوەشین و حەیاچوون) کە لە ئەنجامی ئاشکرا بوونی ناڕاستی و فێڵ و تەڵەکەوە کەسەکە تووشە ئەو حاڵەتە ئەبێت.

ئەی نەتەوەی کۆریای نەبەز !　　　ئەی سی ملیۆن لە زەرد ڕەگەز ! [٤٣]

وەك چەپکە گوڵی شایی　　　سپی و رەش و زەرد و سوور، تێکەڵ بوون [٤٤]

لەم دوو دەقە شیعرییەدا وشەی (زەرد) مانای جۆرێکی دیاریکراوی مرۆڤەکان ئەگەیەنێت کە ئەوانیش ڕەگەزی مرۆڤەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیان وەك (کۆریا، ژاپۆن، چین، ئەندۆنیسیا،...) کە ڕەنگی پێستیان زەردە و ئەم زەرد بوونە شتێکی خواکردو سروشتیە نەك نیشانەی نەخۆشی بێت.

زەرد و سوور تێکەڵ بوون، ژن و پیاو، هەرایە        لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە ! (٤٥)

لەم شیعرەشدا وشەی (زەرد) بە مانای جل و بەرگی ژنان دێت کە لە قوماشی ڕەنگ زەرد دوراون .

شەونمی درەخت لە ڕووم ڕژاوە،        لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە (٤٦)

چەن جوانی بەرەو مەغریب ئەچی زەردە ئەدا لێت        پرشنگی خشڵ ئەبڵەق ئەکا دەروبەری پێت (٤٧)

لەم نموونانەی سەرەوەشدا شاعیر (زەردە)ی بە مانای (هەتاوی ئێواران) بەکاربردووە.

(باکۆ)ی کچی لە سەر دەریاچەی قەزوێن        شانە ئەدا لە قژی زەردی خاوێن (٤٨)

لەم نموونەیەی سەرەوەدا، شاعیر وەسفی شاری (باکۆ) ئەکات کە بە کچ شوبهاندوویەتی و هەتاوی دەمەوئێوارانی بە قژی زەردی ئەچوێنێ کە خەریکە شانەی ئەکات و لێرەشدا وشەی (زەرد) دەلالەتێکی ناڕاستەوخۆ و نوێی وەرگرتووە.

هیوا ئەو لێوەی بە زەردەخەنە        گزنگی ڕۆژی گوڵانی منە (٤٩)

دەستەواژەی (زەردەخەنە) بە مانایەکی ناراستەوخۆ بەکارهاتووە و ڕاستەوخۆ ڕەنگی زەرد ناگەیەنێت، بەڵکو مەبەستی حاڵەتێکە لە مرۆڤدا کە پێکەنێنێکی درەوشاوە و دەروون شادکەرە کە بە هۆی لێوەکانەوە ئاراستە ئەکرێت، بۆیە بە زەردەخەنە ناوزەد کراوە و لە کوردەواریدا بەو جۆرە بەکارئەبرێت .

لە هاوچەشنەکانی ڕەنگی زەرد،گۆران لەم دەقە شیعرییانەی لای خوارەوەدا، بەم جۆرە وشەکانی(ئاڵتوون، زیو، زەڕ، گەش)بە واتای ڕەنگی زەرد بەکارئەبات،ئەم وشانە خۆیان بە شێوەیەکی سروشتی ئەچنەوە سەر ڕەنگی زەرد.

لای قەرەتۆغان سەرم هەڵبڕی        ئاڵتوونی زەردەی لووتکەکانم دی (٥٠)

هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین        ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین (٥١)

درەختی هەڵووژەی بەفر داپۆشیو        دارسێوی ڕازاوە بە پۆیلانەی زیو (٥٢)

سەرنجم ڕاهاتووی زیوی زەڕکەفتە        بە زەردەی سەر بەفری ئێوارە وەختە (٥٣)

لە کانی و پلوسکی ژێر سێبەری دار        کە زیخی مرواری و ئاوی وەك زیوە ؟ (٥٤)

خوڕەی قەڵبەزی کەف زیوینی چەم        لە هەزار چەشنە پرشنگی ناو تەم (٥٥)

به ناز لار بگره سەری بێ پووشین    با بریقەی بێ کڵاوزەڕ چین چین [٥٦]

بانگی شێوان: لە ئاسمانی خۆر نشین    ئەستێرەیەك ئەجریوێنێ : گەش، شیرین ! [٥٧]

لە دەقە شیعرییەکانی گۆراندا، ئەوە بەدەرئەکەوێت کە رەنگی زەرد سەرەڕای بەکارهێنانی راستەوخۆ وەك رەنگێك لە ناو رەنگەکاندا، بە مەبەستی وەسفی سروشت و شتەکانی ناو سروشت(زەردبوونی گەڵاوداروەرخت، سیس بوونی گژ و گیا)، دیاردە سروشتیەکان(خۆرئاوابوون)، بارودۆخی مرۆڤ لەڕووی تەندروستییەوە (نەخۆشی، بێهێزی، لاوازی،هتد...) ، دیمەنی روخساری مرۆڤ (زەردەخەنە)، جل و بەرگی ئافرەتان، رەگەزەکانی مرۆڤ لە رووی رەنگی پێستەوە، شەرم و ئابڕووچوون و چەندین مانا و دەلالەتی شیعری تر و هەروەها ئەوەی کە جێی سەرنجە رەنگی زەرد لە شیعرەکانی گۆراندا وەك (رەمز)ی شیعری بەکارنەهاتووە.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا رەنگی زەرد لە لای کورد رەهەندێکی پیرۆز و خوازراوی هەیە کە ئەوەش ریشەی ئەگەڕێتەوە بۆ بیر و باوەڕی ئایینی کە ئەم واتائەرێنییە پانتاییەکی فراوانی شیعرەکانی گۆرانی داگیرکردووە و واتانەرێنیەکەی ئەم رەنگە کەئاماژەی بۆ نەخۆشی ولاوازی و سیس بوون و ڕووزەردیی و...،کەمتر بەرچاوئەکەوێت.

## رەنگی سوور و هاوچەشنەکانی :

رەنگی سوور و هاوچەشنەکانی لەرووی ژمارەوە، لە دوای رەنگی زەردەوە دێن، کە لە هەندێك نموونەی شیعریدا گۆران مەبەستی لە رەنگێکی رووت بووە و راستەوخۆ مانای بەدەستەوە داوە، بەڵام لە زۆرنموونەی شیعری تردا، رەنگی (سوور) دەلالەتی شیعری و مانای ناڕاستەوخۆ وەرئەگرێت و لە چەند نموونەیەکیشدا وەك رەمزی شیعری بەکارهاتووە.لە خوارەوە چەند نموونەیەك لە شیعری گۆران ئەخەینە بەردیدی خوێنەر کە رەنگی سوور راستەوخۆ مانائەدات بەدەستەوە و تەنها رەنگی سوور ئەگەیەنێت :

بە باخچەی پاشادا ورد گەڕام، خواروو و ژوور    زەرد هەبوو، بۆم چنیت، چنگ نەکەوت گوڵی سوور [٥٨]

جادەی شۆڕاو بریقەی دێ وەك بلوور    تیا ئەلەرزێ (وێنە)ی گڕی سەوز و سوور [٥٩]

لە هەچ باخێك گوڵێکی سوورم دیبێ    بۆی چووم هەزار دڕك لە پێم چەقیبێ ! [٦٠]

هێل ئەخاتە مەیدان، رووی مەیدانی بەفرینە    هێڵ یان سوورە، یان شینە [٦١]

لە چەندین نموونەی شیعریشدا شاعیر وشە هاوچەشنەکانی (سوور) ی بەکاربردووە، کە هەموویان ئەچنە سنووری رەنگی سوورەوە و بە شێوە ئەچنەوە سەر رەنگی سوور، کە ئەوانیش بریتین لە (ئاڵ، پەمەیی، یاقوتی، ئەرخەوانی، خوێنی، ئاگری).

کوڵم کە میوەیەکە ئاڵ و مزری سەر لقی لەش     وە نەرمی سینە کە لانەی خەوێکە یەزدانی [٦٢]

لە پرشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ     لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ [٦٣]

بۆ رەنگی سەوز، پاش رەنگی ئاڵ     بۆ رزگاری لە ژینی تاڵ [٦٤]

لەبەرەبەیانی شەباب و جوانی یا ئەی گوڵ     گوڵی گەشی پەمەیی وەك ستارە پرشنگدار [٦٥]

پێست پەمەیی لەش نەرم و شل     نیوە رووتی تەنکیی جل [٦٦]

لەفزی پەخشانت هەموو سیحری حەڵاڵ     نەزمی شیعرت رشتەیی یاقوتی ئاڵ [٦٧]

بووکی ژێر تارای رەنگ ئەرخەوانی     شۆخ و شەنگ وەك گوڵی بەیانی ! [٦٨]

غەرامی کەم دەوامی عومری لاویم     دڵۆپی خوێنی گەرمی ئاگراویم ؟ [٦٩]

هەر زەڕڕەیەك لە خوێنی دەماری پڕ ئاگرم     هەرچی حوجەیرەکانی هەیە کوورەیی دڵم [٧٠]

لە چەندین دەقی شیعریدا، شاعیر وشەی (سوور و هاوچەشنەکانی) بە مانای ناراستەوخۆ بەکارئەبات و دەلالەتی شیعریان ئەداتێ یاخود وەك هێما و رەمز بەکاریان ئەبات.لەخوارەوە چەندنموونەیەکیان ئەخەینە بەرچاو:

سەر پڕ لە سەودای بەدکاری     زۆر بە سووری و بە لاساری [٧١]

دەستەواژەی (بە سووری) بە واتای (پێداگری و سووربوون لە سەر ئەنجامی کارێك) و مانایەکی ناراستەوخۆ ئەدات بەدەستەوە و مەبەستی رەنگی سوور نییە.

بە دڵسۆزی و بە لێ بووری     بە رەنجێك مایەی رووسووری [٧٢]

شاعیر لێرەشدادەستەواژەی(رووسووری) بە واتای ناڕاستەوخۆ هێناوە و مەبەستی سەربەرزی و شانازیکردنە.

سوورەچناری لق و پۆپ درێژ     سێبەر ئەکا بۆ خەوی بەردەنوێژ [٧٣]

لەم دەقەدا دەستەواژەی (سوورەچنار) ناوی درەختە و مەبەست رەنگی(سوور)نیە بە راستەوخۆ، بەڵکو وشەی (سوور) بەکارهێنراوەبۆ دروستکردنی ناوێکی لێکدراو کە ناوی جۆرێکە لە درەختی چنار و لە کوردەواریدا بەوناوەوە ئەناسرێت.

دوا فلسی بهاومه بنی ئاوی حەوز :                له سەر جێی شەوی سوور، له سەر مێزی سەوز. (٧٤)

لەم نموونەیەشدا (شەوی سوور) واتایەکی ناراستەوخۆی هەیە و مەبەست لە (شەوانی سێکس کردن) ـە لە تیاترۆکاندا  و (مێزی سەوز)یش هێمایە بۆ مێزی قومارکردن.

هووەیدایە لە ڕەنگی ئاڵی دەستت                کەدائیم پیشەتە قەتڵ و جینایەت (٧٥)

دەستەواژەی (ڕەنگی ئاڵی دەست) مانایەکی ناڕاستەوخۆی هەیە و مەبەست کەسێکی خوێنڕێژ و بێ بەزەییە کە کاری کوشتن و لە ناوبردنی خەڵکی بێتاوانە و وشەی (ئاڵ) وەك هێمایەکی شیعری بەکارهاتووە و مەبەست دەستی کەسێکە کە بەناهەق خوێڕێژێت.

شێوێنراوە بە دەستی قەست شیرازەی کاری                تا ئاسان بێ بۆ سوورفلی چرچ ئیستیعماری (٧٦)

هەر سوورفلێك لێت پەیا بێ                لە هەچ کوێ و هەچ کاتێکا بێ (٧٧)

لەم دوونموونەی سەرەوەدا وشەی لێکدراوی (سوورفل) بە مانایەکی ناراستەوخۆ بەکارهاتووە و ناوە بۆ رۆژئاواییەکان کە لە ژێرناوی ئیستیعماردا سەروەت و سامانی وڵاتانی رۆژهەڵاتیان بە گشتی بەتاڵان ئەبرد و وشەی (سوور) بووەتە هۆی دروستکردنی ناوێکی لێکدراو لەگەڵ (فل) بەواتای (خەڵکانی سوورباو).

یان لەسەر سووسەیەك بیروبڕوای سوور                ئەینێرن زنجیربەند بۆ زیندانی دوور (٧٨)

لەم بەیتەی سەرەوە، دەستەواژەی (بیروبڕوای سوور) هێمایە و دەلالەتێکی تایبەتی هەیە کە دوورە لە ڕەنگی سوورەوە و بەکارهێنانی وشەی (سوور)لێرەدا مەبەست (بیروباوەڕی کۆمۆنیستی کرێکاری) یە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا بە شیوعییەت ناسراوبوو و ڕەنگی سوور ڕەنگی شیوعییەکان بوو کە تا ئێستاش ئاڵاکەیان ڕەنگی سووری هەیە لەگەڵ چەکوش و داسێکدا.

لە ڕووی ئاسمان بە گڕی سوور نووسراوە                بەندە بەندەی ئایین نامەی بڕواکەم (٧٩)

دەستەواژەی (گڕی سوور) وەك ڕەمزێکی شیعری بەکاربراوە کە (کوڵنەدان و بەردەوام بوون لە سەر خەباتی بیروباوەڕی سوور) کە وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕەنگی (سوور) تایبەتمەندییەکی وەرگرت و بووە ڕەنگی شۆڕشی چینی چەوساوە و ژێردەستەی کرێکار بەسەر رژێمی سەرمایەداری و مامەڵەی نادادپەروەرانەدا، کە مەبەست لێی قوربانیدانە لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجە.

بەرەو مەیدانی سوور کشا                دەریای مەیدان خرۆشا (٨٠)

لە دەستەواژەی (مەیدانی سوور)دا (سوور) مانای ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو ئەو مەیدانە بە (سوور) ناوبانگی پەیدا کردووە، واتە ناوێکی لێکدراوە و وشەی (سوور) یش هێمایە بۆ قوربانیدان و بەرخودان کە پێشینەیەکی مێژوویی هەیە لەو شارەدا بە گشتی و لەو مەیدانەدا بە تایبەتی.

چاوی هیوام ئەبڕمە دوور          سەرنج ئەدەم لە ئاسۆی سوور [٨١]

لەم شیعرەشدا (ئاسۆی سوور) بەهەمان شێوە هێمای شیعرییە و بە واتای (ئامانجێکی پیرۆز بۆ دەستخستنی یەکسانی و دادپەروەری) بەکاربراوە.

کەچی لە ترسی دەنگی دوور          نالەی تۆپی سنووری سوور [٨٢]

لەم نموونەیەشدا (سنووری سوور) هێمایە و مەبەست لێی ئەو (ناوچە قەدەغەکراوە)یە کە هاوڵاتیان بۆیان نەبوو تەنانەت بەوێشدا تێپەڕن.

بەسەرکردەیی بەرزی هاوڕێ لەنێن          کشا لەشکری شۆڕشی سووری چین [٨٣]

دەستەواژەی (شۆڕشی سووری چین) مانایەکی ناراستەوخۆی هەیە و مەبەست لێی (شۆڕشی چینی کرێکارە) دژ بە سەرمایەدار و وشەی (سوور) دەلالەتی قوربانیدان و فیداکارییە لە پیناو ئامانجی پیرۆزدا.

بە سەرنجدان لەو نموونەشیعریانەی گۆران کە ڕەنگی (سوور و هاوچەشنەکانی) تیا بەکاربراوە، ئەوە بەدیئەکەین کە وشەی (سوور) بەماناراستەوخۆکەی کە (ڕەنگی سوور) بگەیەنێت، کەمتر بەکار براوە و زیاتر وشەی(سوور) لە پێناو نمایشکردنی دەلالەت و مانای ناراستەوخۆ بەکارهاتووە،ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە (سوور) وەك ڕەمزی شیعری شوێن پێی لە ناو دەقە شیعرییەکاندا بە روونی دیارە.

ئەم حاڵەتەش لەوەوەهاتووە کە وەك پێشتر ئامازەمان پێدا، ڕەنگی (سوور) سەرەڕای ئەو واتا و دەلالەتە مەعریفیانەی کە هەیەتی،لە لای گەلی کورد وەك گەلانی تری جیهان، هێمای شۆڕش و خەبات و فیداکاری و قوربانیدانە لە پێناو بەدیهێنانی هەر ئامانجێکی پیرۆز کە خزمەت بە مرۆڤایەتی بگەیەنێت.

## ڕەنگی ڕەش و هاوچەشنەکانی :

ئەم ڕەنگە لە رووی بەکارهاتنیەوە، لە دوای ڕەنگی (سوور) دێت، و سەرەڕای بەکارهاتنی راستەوخۆ وەك ڕەنگێك، چەندین دەلالەت و مانای شیعری ئەگرێتە خۆ، بێ لە وشەی (ڕەش)، وشەکانی (سیا، تاریك، ظلمت، تاریك ولێڵی، موشکین) هاوچەشنی ڕەنگی ڕەشن. لە خوارەوە چەند نموونەیەك لە شیعری گۆران ئەخەینە بەرچاو کە ڕەنگی ڕەش راستەوخۆ مانائەدات بەدەستەوە و تەنها ڕەنگی ڕەش ئەگەیەنێت :

کام ڕەشی ئەگات بەڕەشی چاوی          برژانگی ؟ برۆی ؟ ئەگریجەی خاوی ؟ [٨٤]

کوانێ برۆی پەیوەست ؟ کوانێ ؟          کوانێ زوڵفی ڕەش ؟ [٨٥]

بە یادی باڵا لاولاوێ          چاوڕەشێ، ئەگریجە خاوێ [٨٦]

وەك سوێسکە برۆ، ئاسکە نیگای چاوی ڕەش و مەست          پڕ عیشوە بچەرخێنە، ئیتر هیچ مەبە دەربەست [٨٧]

دەست و کاسە و پەنجەی دۆگیر، نیگای چاورەش          هەستی ئاغای فڕێ دایە ناو ئاگری گەش! (٨٨)

سەرەڕای بەکارهاتنی وشەی رەش بە مانای راستەوخۆ وەکو رەنگێك، لە چەندین نموونەی شیعری تری گۆراندا وشەی رەش، بە واتا و دەلالەتی ناراستەوخۆ و زۆرجاریش وەك هێما بەکارهاتووە کە لە خوارەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەك ئەدەین :

لە یەکەم تا شەشەم خشۆکی ژاردارە          حەوت و شەش لەگەڵ دوو کراسی رەشمارە (٨٩)

لە وشەی (رەشمار)دا، (رەش) بەکاربراوە بۆ دروستکردنی وشەیەکی لێکدراو و بووەتە ناوێکی تایبەتی بۆ جۆرێکی تایبەت لە مار کە رەنگی ئەو جۆرە مارە رەشە.

سا باڵای بۆ رەشپۆش کە          گڕی شیوەنی خۆش کە (٩٠)

وەك دایکان شیوەنێك بگێڕێ بە گەرم          رەش کا بۆی بەرگی ؟... (٩١)

لەم دوو نموونەیەی سەرەوەدا دەستەواژەی (رەشپۆش،رەش کا) مانایەکی ناڕاستەخۆی هەیە و هێمایە بۆ تەعزیەباری و پرسەگێڕان وماتەم کە لە ناو کۆمەڵی کوردیدا لە کاتی پرسەگێڕاندا جل و بەرگی رەش لەبەرئەکرێت.

کە شەو هات و پەردەی رەشی کەوتە سەر          جوانیی تەبیعەت کەژ و دەشت و دەر (٩٢)

دەستەواژەی (پەردەی رەش) مەبەست لێی رۆژئاوابوون و تاریك داهاتنی ناوچەکەیە و لێرەدا پەردەی رەش دەلالەتە بۆ شەو و تاریکی شەو.

رەخنەیان لێ بگرین رەخنەیەکی راست          سوێن ئەخۆن بە خەروار، کە زۆر رەش بوو ماست ! (٩٣)

لەم دەقەدا، دەستەواژەی (رەش بوو ماست) بە واتای(ئینکاری و دژوەستانەوە)هاتووە، کە لە کوردەواریدا ئەمە وەك پەندێکی پێشینان بەر بڵاوە، کە ئەڵێت (من بڵێم ماست سپییە ئەو ئەڵێ رەشە) و ئەمەش واتایەکی ناراستەوخۆیە کە وشەی (رەش) لە هاتنەدی ئەم واتایەدا بەو شێوەیە بەشدارە.

لێتانی شاردەوە هەوری رەشی مەرگ          پرشنگی باوکێتی جۆلیۆس رۆزەنبەرگ(٩٤)

لەم نموونەیەدادەستەواژەی(هەوری رەشی مەرگ)مەبەست لێی دەسەڵاتدارانی وڵاتی سەرمایەداریی ئەمریکایە،کە هەستان بە کوشتنی(جۆلیۆس و ئەسیلی هاوسەری)بە تۆمەتی سیخوڕی کردن بۆ سۆڤێتی جاران کە لە ١٩٥٣دا بە کورسی کارەبایی هەردووکیان کوشتن.بۆیە ئەم دەستەواژەیە واتایەکی ناراستەوخۆئەدات بەدەستەوە.

ئارەق رەش و شین بڕێژە          هەزار دەردی سەر بچێژە (٩٥)

دەستەواژەی (ئارەق رەش) مانایەکی ناراستەوخۆی هەیە کە مەبەست لێی (رەنجێکی فراوانە) کە لێرەدا بەکاربردنی وشەی (رەش) لە پاڵ (ئارەق) دا واتە ئەوپەڕی سەختی و رەنج و ئازار.

هەر ئەینووسی لەسەر تەختەی ئاسۆی رەش　　　وشەی (هیوا) ی کوردی بە پیتی گەش گەش (٩٦)

لـــەم شیعرەشدا،دەستەواژەی(ئاســۆی رەش)دەلالـــەتێکی تایبـــەتی ئەگەیـــەنێت کەئـــەویش (ئایەنـــدەو سەرەنجامێکی ناخۆش و نادیار) ە، کە لە رەشی تەختەرەشەوە تەعبیری وەرگرتووە.

سەرەڕای وشەی(رەش)،وشە هاوچەشنەکانی ئەم رەنگە وەك (سیا، تاریك،ظلمت،تاریك ولێڵی،موشکین) لە چەندین نموونـەی شیعریدا بەکارهاتوون کە چەمکی (رەشێتی)لە خۆ ئەگرن،لە خوارەوە هەندێکیان ئەخەینە ڕوو:

ئەی شەوقی گەلاوێژی بەیان نووری نیگاهت !　　　ئەی عەتری صەبا بۆی نەفەسی زوڵفی سیاهت!(٩٧)

سیاچەمانە سیاچەمانە　　　هەورامان جێگەی سیاچەمانە (٩٨)

بە ڕواڵەت چەن پرشنگ دار و شیك بوو　　　پێچەوانەی ئەوە دڵی تاریك بوو ؟ (٩٩)

ئەوەندەی رۆحی مەئیووس و مەلول تاریك ئەکا دنیا!　　　ئەوەندەش نوور لە رۆحی شادەوە ئەڕژێ بەسەر سەریا!(١٠٠)

بێداری یەکەم ظوڵمەتی شەو بردی قەراری　　　تۆ و زوڵفی پەشێو دەربخە سا چیهرەیی ماهت ! (١٠١)

بێ دەنگی لە چوارلاوە موهاجیم و خورۆشاو　　　وەك ظوڵمەتی شەو نەیبوو ئەویش نووك و نیهایەت !(١٠٢)

(الله اکبر!) مەلا بانگانە　　　تاریك و لێڵی بەری بەیانە.. (١٠٣)

ساقی وەك مانگ بە ڕوو، بە موو موشکین　　　موطرێبیش خۆش بوێژ و نەغمەخوان (١٠٤)

هەندێك لـە نموونـە شعرییەکانی سـەرەتای شـاعیرێتی گـۆران دەرخـەری تـەنگ و چـەڵەمە و دەری سـەری و ناخۆشـی و نـەبوونین و خوێنـەر بـە خوێندنـەوەیان، دنیایـەکی پـڕ لـە بێزاری و تـاریکی دێتـە بـەر چاو و وشـەی (رەش و هاوچەشــنەکانی) لــەم دەربڕینانــەدا پشــکی شــێریان بەرکــەوتووە، بــەو پێیــەی کــە وشــەی (رەش) چەمکەکانی ناخۆشی، ئازار، مەینەتی، دەسەڵاتی زۆردار، پرسە و شیوەن و خەفەتباری، لـە خۆئەگرێت. بۆیـە سەرەڕای ئەو نموونەشیعرییانەی کە رەنگی (رەش) بە واتاراستەخۆکەی بەکارهاتووە، لە چـەندین دەقی تـردا، واتـای ناراستـەوخۆ و دەلالـەتی شیعری ئـەبینین کـە لـەو دەسـتەواژانەوە سەرچاوە ئـەگرن کـە وشـەی (رەش و هاوچەشنەکانی) لە دروستبوونیاندا بەشدارن.

## رەنگی سپی :

لـە شـیعرەکانی گۆرانـدا لـە پـاش رەنگـی رەش، رەنگـی سـپی دێـت کـە سـەرەڕای مانایـەکی راسـتەوخۆ و

گەیاندنی رەنگی سپی،چەمکەکانی(باشی و بێگەردی،سوڵح وئاشتی،ئاسایش و بێوەیی،تەسلیم بوون بە هەق و دادپەروەری) لە خۆ ئەگرێت.سەرەتا چەند نموونەیەکی شیعری ئەخەینە بەرچاو،کە(سپی) تەنها مانای رەنگ ئەگەیەنێت :

چەند جوان ئەڕوا بە قونە قون سرك و گورج و سپی و خرپن (١٠٥)

باڵابەرز و بچکۆلەپێ و ئیسکارپین گۆرەوی و پووز : سفت و سپی و ئاوریشمین ! (١٠٦)

قۆڵ و مەچەك ساف و سپی وەك شووشە سەرپەنجەکان یاقووتێك بوون بە ورشە (١٠٧)

رۆژی نەورۆزی پرشنگ زێڕینم تریفەی سپی مانگی هاوینم (١٠٨)

سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی بە دارستان رەش ناو دۆڵی کپی... (١٠٩)

لە داپیرێکی سەر سپی بێ دان تێگەیشتین هۆی چۆڵیی (قارەمان) (١١٠)

بڵێن دەرچووم لە بنی بیر بێ هێز، پشت کۆم، ریش سپی، پیر ! (١١١)

لەم نموونە شیعرییانەی خوارەوەشدا، (سپی) بە واتای ناراستەوخۆ و دەلالەتی جۆراوجۆر، یا خود وەك هێمایەکی شیعریی بە کارهاتووە:

تاکو لە پڕا کەوتمە ناودۆزەخی غوربەت کەم کەم سپی بوو یادت لە سەر لەوحی خەیاڵم(١١٢)

دەستەواژەی (سپی بوو)، لەم نموونەیەدا بە مانای (کاڵبوونەوە و کەم رەنگ بوون) هاتووە و بە ناراستەوخۆ مەبەستی شاعیر ئەگەیەنێت.

ئەی کۆترەسپییەکەی ناو هێلانەی بەرز ! لە گیانی پیکاسۆ ئیلهام ئەکەم قەرز (١١٣)

لەم نموونەیەدا (کۆتری سپی)، وەك رەمزی ئاشتی و پێکەوەژیان و پەیکی ئاشتی و ئازادی هاتووە و ووشەی (سپی) لە دروستکردنی ئەم چەمکەدا هاوبەشە.

وا بخوێنی کە سپی و زەرد لەگەڵ رەش گوێت بۆ شل کەن وەك یەك دڵ و وەك یەك لەش

سپی و زەرد و رەشی رێگای یەك گرتن تینووی گیانی گۆرانیتن، پۆل رۆپسن !.. (١١٤)

ئەی دەنگی دوور، بە ئاستەمێك ئەگەیتە ژوور ! ئاخۆ سپی، یان رەش، یان سوور ؟ (١١٥)

لەم دوو نموونەیەدا، سێ جار ووشەی (سپی) دوبارە بووەتەوە، کە لە هەرسێکیاندا مەبەست جۆرێکی دیاریکراوە لە رەگەزی مرۆڤەکان کە بە هۆی رەنگەکانەوە پۆلێنکراون، ئەویش مرۆڤە سپی پێستەکانە کە بە پانتایی سەر زەویدا بڵاوبوونەتەوە وهەروەها رەش پێست، زەرد پێست و سوورپێستیش هەیە .

ئەی مۆسکۆ ! ئەی ژنی جوانی سپی پۆش          هەروەك : مەمێك زینێك ناکا فەرامۆش [١١٦]

لەم نمونەیەشدا، (سپی پۆش) هێمایە و شاری مۆسکۆ پایتەختی روسیای پێ ئەناسرێتەوە و مەبەست لە بەردەوام بارینی بەفر و بوونی سەرما و شەختەیە بە درێژایی ساڵ.

لەگەڵ ئەوەش دەستی چەپەڵ، ئابڕوو تکاو

هەر خەریکە تەکەڵ تەکەڵ، بۆ ئاسمانی پڕ لە هەتاو

تەپەدوکەڵ هەڵئەسێنێ، گڕی سپی ئەخنکێنێ !... [١١٧]

لەم شیعرەدا، دەستەواژەی (گڕی سپی) هەڵگری واتای (دەنگی پاکی و ئازادیخوازی و بێگەردی) یە کە بە هۆی دەستێکی رەش و چەپەڵەوە ئەچەوسێنرێتەوە و ئەخنکێنرێ.

رەنگی (سپی) لە شیعرەکانی گۆراندا، زیاتر لە چەندجارێك بە دوو شێوە بەرچاو ئەکەون،یەکەمیان (سپی)وەك هێما بۆ (مرۆڤی سپی پێست) و دووهەمیان لەگەڵ (کۆتر) دا دێت کە (کۆتری سپی) هێمایەکە بۆ (ئاشتی و ئازادی) گەلان.ئەوە سەرەڕای وەسفکردنی کێوەکان بە (سەرپۆش سپی) کە مەبەست هەمان بارینی بەفرە لە ناوچە کوێستانیەکاندا کە بەشێکی زۆری باشووری کوردستانی داگیر کردووە.

## رەنگی شین و هاوچەشنەکانی :

رەنگی (شین) لە دوای رەنگی (سپی) یەوە دێت لە رووی ژمارەی بەکارهاتنیەوە لە شیعرەکانی گۆراندا. وشەی (شین)لە زۆرینەی ئەو شیعرانەدا،بە ماناراستەقینەکەی هاتووە کە مانای رەنگی شینە، بۆ نموونە :

لە ژێر ئاسمانی شینا          لە پاڵ لووتکەی بەفرینا [١١٨]

نە لەرزینی چینی سەر رووی گۆماوی شینم          نە بریقەی دووری چەمی پاش زۆر بارینم [١١٩]

بە دوو چاوی وەك دەریای شین          پڕ لە زەردەخەنەی شیرین [١٢٠]

تووخوا بەو جووتە چاوە شینانە          ئاخر نیگاتە تێر بۆم بڕوانە [١٢١]

رووی کام گۆم شین و مەنگە          کام درەخت شۆخ و شەنگە [١٢٢]

رۆژ رمێك بەرز بوو، داپەڕینەچەم          ئاو شین، مەرەزە سەوز و گوڵ بەدەم [١٢٣]

فەقیانەی سپی و شان و سەڵتەی شین          خۆ لە خشاندنی ناو قەڵتاخی زین [١٢٤]

سەرەڕای وشەی (شین) هاوچەشنەکانی وەك (کاڵ و مۆر) لە چەندین نموونەدا بەکارهاتوون وەك :

گوڵەبەرۆژەی قژزەردی چاوکاڵ          مل کەچ وەستا بوو سەرگەرمی خەیاڵ ! [١٢٥]

لە پرشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ          لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ ! [١٢٦]

ئەی شوێن ئەشکنجەی مۆر و شین                با ئازارت پل دا چین چین ! [١٢٧]

ئەگەرچی زۆرترین بەکارهێنانی رەنگی شین و هاوچەشنەکانی بە مانایەکی راستەوخۆیە، بەڵام لە چەند نموونەیەکی تریشدا چەمك و دەلالەتی جۆراوجۆر وەرئەگرن یا خود وەك هێمای شیعریی بەکارهاتوون :

شینایی دەشتی (تەکیە) و بەرەوخوار                پاراو بوو چەشنی ئەگریجەی نازدار ! [١٢٨]

لە نموونەیەی سەرەوەدا، ووشەی (شینایی) مانای ناراستەوخۆی هەیە و مەبەست لە(دەشتێکی سەر سەوز و سەرنج راکێشە) و لە داڕشتنی ئەم وشەیەدا، وشەی (شین) بەشدارە.

سەوزە گیا پاراو، گوڵ و گوڵاڵە مەستی رەنگ و بۆ      درەخت تازە شین، سەر لق رازاوەی گوڵ،گەڵا، چرۆ.. [١٢٩]

لەم نموونەیەشدا دەستەواژەی (تازەشین) بە مانای (تازە پشکوتوو) دێت کە لە سەرەتای بەهاراندا ئەم دیمەنە بەرچاو ئەکەوێت و لە کوردەواریدا تەعبیری (تازەشین) بووی بۆ بەکارئەبەین و ئەمەش بەکارهێنانێکی ناراستەوخۆی رەنگی (شین) ـە.

دانراوە بۆ کۆتری شین :                مەلی ئاشتی بەهەشتی ژین [١٣٠]

لەم نموونەی سەرەوەدا، (کۆتری شین) وەك هێمایەك بەکاربراوە و کراوە بە رەمزی (ئاشتی و خۆشگوزەرانی) و لێرەدا ئەم دەستەواژەیە لە بری (کۆتری سپی) بەکارهێنراوە.

ئارەق رەش و شین بڕێژە                هەزار دەردی سەر بچێژە [١٣١]

دەستەواژەی (ئارەق رەش وشین) مانایەکی ناراستەوخۆی هەیە کە مەبەست لێی (رەنجێکی فراوانە) کە لێرەدا بەکاربردنی وشەی (شین) لە پاڵ (ئارەق) دا واتە ئەوپەڕی سەختی و رەنج و ئازار.

گڕی سپی باڵی کۆتر                بۆ کام لا ئەبڕێ ئاسۆی شین [١٣٢]

لێرەشدا دەستەواژەی (ئاسۆی شین) هێمایە (بۆ ژیانێکی پڕ بەختەوەری و ئاسۆیەکی رووناك بۆ گەل) و دەرباز بوون لە ژیانێکی پڕ ستەمکاری و نادادپەروەری.

کە سەرنج ئەدەینە ئەو دەقانەی کە رەنگی (شین و هاوچەشنەکانی) تێدا بەکارهاتوون، ئەوەمان بۆ روون ئەبێتەوە کە رەنگی شین لە زۆرترین حاڵەتدا بۆ وەسفی سروشت (ئاسمان، دەریا، ئاو، گۆم، دارودرەخت) بەکاربراوە و لە چەند حاڵەتێکی کەمدا روو لە مرۆڤ ئەکات کە ئەویش وەسفی رەنگی چاوی مرۆڤە و لە یەك حاڵەتیشدا وەسفی رەنگی جل و بەرگ ئەکات وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا.

## رەنگی سەوز :

بەکارهاتنی رەنگی(سەوز)لە شیعرەکانی گۆراندا،لە رەنگی(شین) کەمترە و بەدوای ئەو رەنگە دێت، زۆرترینی بەکارهاتنەکانیش واتای راستەوخۆ و گەیاندنی رەنگی سەوزە.لە خوارەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەك ئەدەین :

نە ورشەی گیای مێرگی سەوزی دەمەوبەهارم　　　نە شنەبای دارستانی چڕی نزارم [١٣٣]

حەوز و فوارەی حەوشی مەڕمەڕ، باغچە و چیمەنی　　　بەسەرناچێ هەرگیز سەوزی و گوڵی دەگمەنی! [١٣٤]

کراس کەتانی، کەوا سەوزی، بەژن و باڵا بەرز　　　بەشان و گۆزەوە چەن جوانی ئەی پەری سەر ئەرز! [١٣٥]

گیا وردەی پایز، سەوزی نەرم و نۆڵ　　　قەیفەپۆشی رووی تەختی خاك و خۆڵ! [١٣٦]

زۆرترین بەکارهێنانی رەنگی سەوز بە مانایەکی راستەوخۆیە، بەڵام ئەو نموونانەش کەم نین کە چەمك و دەلالەتی جۆراوجۆر وەرئەگرن یا خود وەك هێمای شیعریی بەکارهاتوون :

چەند وردو جوان، بە لەنجە و لار　　　ئەشێلێ سەوزەگیای بەهار [١٣٧]

بەکارهاتنی دەستەواژەی (سەوزەگیا) لێرەدا بووەتە (ناوێکی گشتی کە بۆ گژ و گیا)بەکاردێت ولەم نموونەیەدا واتایەکی ناراستەخۆی هەیە و وشەی (سەوز) لەدروستبوونی ئەم ناوە لێکدراوەدا بەشدارە.

بۆ سەوزایی دەوروپشتم،بۆ ئاسمان　　　بۆ شاخی بەرز، خانووی تازە، دنیای جوان... [١٣٨]

عەکسی سەوزایی رووی پڕ لەرەی ئاو　　　تیا ئەشکایەوە پرشنگی هەتاو ! [١٣٩]

لەم نموونانەدا وشەی (سەوزایی) بە واتایەکی ناراستەوخۆ بەکاربراوە و مەبەست (دەشت و دەرە) و وشەی (سەوز) لە داڕشتنی ئەم وشەئاوێتەیەدا بەشدارە.

وشکە چەم وەك جەوری سەردەم هەڵساوە　　　بەرگی سەوز و نەرمی بەهار ژاکاوە [١٤٠]

دەستەواژەی (بەرگی سەوز) بە واتای (سەوزایی گژ و گیا و دەشت و دەر)دێت لە وەرزی بەهاردا و ئەمەش واتایەکی ناراستەوخۆیە کە شاعیر بۆ دەربڕینی سوودی لە وشەی (سەوز) وەرگرتووە.

هەڵاڵەی وەراندوون تەوژمی باران　　　وەك بووکی رووت کراوە کەوتوونە گریان !

لە بەرپێی نەمامی چوالەدا سەوزاو　　　لە روومەت تکاوە رژاوەتەوە ئاو [١٤١]

وشەی لێکدراوی (سەوزاو) لێرەدا مەبەست لێی (رەنگدانەوەی هەڵاڵەی داری چوالەیە کە بە هۆی تەوژمی بارانەوە هەڵوەریوەتە ناو ئاوی بەر پێی نەمامەکە) و ئەم جۆرە دەربڕینە ناراستەوخۆ واتای بەدەستەوە داوە.

بۆ لای باخ ئەڕوانم : بەهار وەك پەری　　　فستانی گیاو گەڵای سەوزی پۆشیوە [١٤٢]

دەستەواژەی (فستانی سەوز) واتایەکی ناراستەوخۆی هەیە، کە مەبەست (سەر سەوزبوونی دەشت و هەرد و گژ و گیا و دەوەنە) و لەم دەربڕینەدا وشەی (سەوز) بەشدارە.

دوا فلسی بهاومە بنی ئاوی حەوز :　　　لە سەر جێی شەوی سوور، لە سەر مێزی سەوز. [١٤٣]

لەم نموونەیەشدا(مێزی سەوز) واتایەکی ناراستەوخۆی هەیە و ئاماژەیە بۆ (مێزی قوماركردن) لە

تیاترۆکاندا.

مەتەڵی حەوت پیت زەنگی کڵاوسەوز     ئاو ناخوا بەر پێی تا نەکەن بە حەوز [١٤٤]

دەستەواژەی (کڵاوسەوز) ناوێکی لێکدراوە، لەم نموونەیەدا کە مەتەڵێکە بە شیعر ووتراوە، بە مانای (پەلە سەوزەکانی) سەر پۆپکەی باینجان دێت .

گۆران رەنگی سەوزی بە تێکڕا بۆ وەسفی سروشت بە تایبەتی لە وەرزی بەهاراندا بەکاربردووە، سەرەڕای ئەو حاڵەتانەی کە دەلالەت و چەمکی جۆراوجۆر ئەگرنە خۆ، یا خود وەك رەمزی شیعری بەکاری بردوون.

## رەنگی وەنەوشەیی و قاوەیی و خۆڵەمێشی :

لە تێکڕا شیعرەکانی گۆراندا هیچ نموونەیەکی شیعریمان بەرچاو نەکەوت کەئەم رەنگانەی تیابەکارهاتبێت، تەنها لە چەند شوێندا وشەی (وەنەوشە) بەکاربراوە کە مەبەست (گوڵی وەنەوشەیە)، وەك :

گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە     کە لە ژێر سێبەری تووتڕکا خامۆشە [١٤٥]

جوانی لادێی رووتی وەکو و تەڵی وەنەوشە     بە ئاوریشم و بە ئاڵتوونی ئەم کۆشك و حەوشە [١٤٦]

## بەشی دووەم:

## رەنگ لە شیعرەکانی نیمایوشیج دا

ئەو رەنگە سەرەکییانەی کە لە تێکستە شیعرییەکانی (نیمایوشیج) دا بەرچاوئەکەون بریتین لە :

رەنگی (رەش)،کە لە شیعری (نیما)دا، بەر بڵاوترین رەنگە،بەڵام ئەم رەنگە رەنگی گیانی شاعیرانەی ئەو نییە، چونکە پاش ئەو رەنگە، رەنگی (شین) بەرچاو ئەکەوێت کە حەز و خواستی شاعیرە بۆ دەستخستنی هێمنی و ئارامی.رەنگی(رەش)لەشیعری ناوبراودا هاوخەمی شاعیرە لەگەڵ هەژاراندا و هاواری رۆژگارە سەرکوتکراوەکانە. رەنگی سێیەم کە لە شیعرەکانیدا بەرچاوئەکەوێت رەنگی (زەرد) ە، کە واتاکەی بریتیەلە هەوڵی شاعیر بۆ دەربازبوون لە دۆخە سەخت و دژوارەکان و گیانی مرۆڤدۆستانەی شاعیر ئەسەلمێنێت کە لە پێناو یەکسانی و برایەتی مرۆڤەکاندا بەردەوام لە هەوڵدایە.چوارەم بژاردەی (نیما) رەنگی(سەوز) ـە،کە بە مانای بەرەو ئازادی هەنگاونان دێت.کۆتا رەنگی سەرەکی شاعیر بریتیە لە رەنگی(سوور) و ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە کەمتر بەکارهێنانی ئەم رەنگە لە لایەن شاعیرەوە، واتە شاعیر ژیانێکی بە شەوق و زەوقی نەبووە و ئازار و مەینەتەکانی لە ژیاندا زۆربووە.رەنگە لاوەکییەکانی ناو شیعری نیما رەنگەکانی (وەنەوشەیی ومیشی)یە.

(بەکارهێنانی رەنگ و بوارپەخساندن بۆ رەنگەکان لە زماندا، هۆکارێکی باشە بۆ دەرکەوتنی توانا هزری و رۆحییەکانی شاعیر و بە واتایەکی تر رەنگەکان دارشتە گریمانەییەکانی شاعیر نمایش ئەکەن و دەلالەتن بۆ چەمکەبیرۆکەیی و هێماکانی ناو شیعر، واتە هەندێك جار بەکارهێنانی رەنگێکی وەك رەنگی (رەش)، مێژووی ترس و تۆقاندن و سەرکەوتکردن پیشان ئەدات، هەر بەوجۆرەی کە رەنگی (رەش) لە شیعری (نیما)دا (١٢٧٦ – ١٣٣٦ ك.هـ) سەرکوتکاری و دەمکوتکردنی (رەزاخان) مان بۆ دەرئەبڕێت و چەندبارەکردنەوەی ئەم رەنگە کە هەموو رەنگەکان دائەپۆشێت،خوێنەر والێئەکات کە بیر لە مێژوو و کەشی سیاسی ساڵەکانی(١٣٠٠ك.هـ)،کە مێژووی بڵاوکردنەوەی یەکەم شیعری (نیما) یە، تا ساڵی (١٣٣٨ ك.هـ) کە ساڵی کۆچی دوایی ناوبراوە،بکاتەوە. لەو ساڵانەدا بە فەرمانی ئینگلیزەکان،دەسەڵاتی (قاجار)کۆتایی پێدێت و(رەزاخان)دێتە سەر کورسی دەسەڵات (١٣٠٣ ك.هـ)،(میرزاکوچک خان)شۆڕشی جەنگەڵ دەستپێئەکات و(نیما)یش کاریگەری لەسەردروست ئەبێت (١٣٠٠ ك.هـ) و شیعر بۆ بێدارکردنەوەی خەڵك ئەڵێت و شەوگار هەر تەواونابێت و(تودەییەکان – کۆمۆنیستەکان) خیانەت ئەکەن (١٣٢٦ ك.هـ)،ئەمریکاییەکان کودەتای (٢٨ مرداد) بەگەڕئەخەن(١٣٣٢ ك.هـ)و سەرەنجام شاعیر ساڵی (١٣٣٨ ك.هـ) کۆچی دوایی ئەکات.لە میانەی ئەم ساڵانەدا (نیما) زۆرجار لەو قوتابخانانەی کە وانەی تیا وتوونەتەوە دەرکراوە و داهێنانەکانی بە سووك سەیرکراوە و گاڵتە و توانجیان ئاراستەکردووە و ئەم رەنجە گەورەوبچووکانەی ژیانی ناوبراو خاڵگەلێکی رەشیان لە ژیانیدا دروستکردووە کە هەمان ئەو خاڵانە بە رەنگی رەش لە شیعرەکانیدا تەعبیرکراون تاکو ببنە هۆکاری وروژاندنی بیروهزری خوێنەر) (١٤٧)

لە کۆمەڵە شیعرییەکانی (نیما) دا هەموو جۆرەکانی رەنگ (١٠٠٣) جار بەکارهاتوون،کە لەم ژمارەیە، ژمارەیەکی بەرچاو لە رەگەزی (رەنگ) بەکارهێنراوە، کە خودی وشەی (رەنگ) یش ئەگرێتەخۆ کە (١٧٩ جار) دوبارەبووەتەوە.رەنگی رەش و هاوچەشنەکانی (٤٩٩ جار) دوبارە بووەتەوە و رەنگی شین و هاوچەشنەکانی (١٠٦ جار) و پاشان رەنگی زەرد و هاوچەشنەکانی کە (٧٨ جار) بەکارهاتوون و دواتر رەنگی سپی دێت کە (٥٨ جار) دوبارە بووەتەوە و دوای ئەو رەنگە(سەوز و هاوچەشنەکانی)کە(٤٢ جار)،بەکاربراون و (رەنگی سوور و هاوچەشنەکانی)،(٣٩جار)و رەنگی(وەنەوشەیی)و(میشی–رەنگێکە لە نێوان قاوەیی و رەشدا – میش واتە:بەران)، تەنها یەك جار بەکارهاتوون و لە هیچ شیعرێکی نیمادا بە هەمان شێوەی گۆران، رەنگی (قاوەیی) بەدیناکرێت.

لە پانتایی ئەم ژمارەبەرچاوەدا، رەنگ بە واتای ناواقیعی جێی بووەتەوە، واتە رەنگ بە مانا و دەلالەتە جۆراوجۆرەکان،کە لە خوارەوە چەند نموونە یەك ئەخەینە ڕوو کە (نیما) ئەو رەگەزە رەنگیانەی وەك مانا

راستەوخۆکەیان بەکارنەبردووە، بەڵکو بەمانا و دەلالەتی نوێوە سوودی لێ بینیوون :

یک دهاتی را، زندگی سادەست

زاندکی هرچیز، بهرش آمدەاست

گاوی و مرغی، وصلەی خاکی

تا بدستش هست، نیست او شاکی

او نمی خواهد، قصر رنگارنگ ، هی پیاپی جنگ (١٤٨)

به کوردی :

(گوندنشین، ژیانێکی سادە و ساکاری هەیە... لە هەر شتێك کەمێك، هەرچی کە خوا دای... گایەك و مریشکێك، کەلوپەلێکی سادە... تاکو ئەمانەی هەبێت، ئیتر گلەیی نییە... ئەو نایەوێت، کۆشکی رازاوە و شکۆدار، بەردەوام جەنگ)

لەم نموونەیەدا شاعیر دەستەواژەی (رنگارنگ)ی بە واتای (رازاوە و شکۆدار) بەکاربردووە.

چه شد آن رنگ من و، آن حال من        محو شد آن اولین آمال من

شد پریده رنگ من از رنج و درد        این منم رنگ پریده، خون سرد (١٤٩)

به کوردی :

(چی لێهات، ئەو رەنگەی من و ئەو حاڵەی من....لە ناوچوو ئەو سەرەتا ئارەزووەی من....پەڕیوە رەنگی من لە تاو رەنج و دەرد.... ئەمە منم رەنگی پەڕیوی، خوێن سارد)

لەم نموونەیەدا (نیما)، (رنگ من)ی بە مانای (رووسووری و تەڕوپاراوی روخسار) بەکاربردووە.

من ترا از راه دیگر رام دارم، و پس از آنی

کز نگاه مکر بارش نزهت و رنگ و صفای خانەی او را

خوب تر حس کرد (١٥٠)

به کوردی :

( من تۆ لە رێگەیەکی ترەوە رام دەکەم، وپاش ساتێك.... لە نیگای مەکربازانەی ئەوەوە، بێگەردی و رەنگ و سەفای خانووەکەی ئەوی.... باشتر هەست پێکرد)

(نیما) لەم نموونەیەدا (رنگ خانەی او) ی بە مانای (پاك و بێگەردی) بەکار بردووە.

تا به طرح نوی کنیم آباد

به زمین رنگ خون بباید زد

مرگ یا فتح،هرچه بادا باد

یا بمریم جمله یا گردیم

صاحب زندگانی آزاد (١٥١)

به کوردی :

(بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تر زەوی ئاوەدان بکەینەوە.... پێویستە رەنگی خوێن بدەین لە زەوی .. یان مەرگ یان سەرکەوتن،هەرچی ئەبێ،با ببێ..یان بە تێکڕا هەموو ئەمرین..یا ئەبینە خاوەنی ژیانێکی ئازاد)

شاعیر، لەم نموونەیەدا (رنگ خون) ی بە مانای (جەنگ و رووبەڕووبوونەوە) بەکارهێناوە.

از سرایت که در جهان افتاد　　　چه رسیدم نه این نه آن افتاد

گر خود آوازەی رنگ بود از من　　　همه آوازەی ننگ بود از من (١٥٢)

به کوردی :

(لەو چامانەت کە کەوتنە جیهانەوە... چیم دەستکەوت نە ئەمیش و نە ئەویش...ئەگەر ناوبانگی رەنگ بوو بۆمن... هەموو ناوبانگی نەنگ بوو بۆ من)

لەم نموونەیەشدا (نیما)، (آوازەی رنگ) بە مانای (خۆدەرخستن و خۆنواندن) بە کارهێناوە.

من چه گویم کز آن نرجی تو　　　گرچه هر حرف نیک سنجی تو

بس که گردیدەام به گردش سیل　　　خاک را هم بەسر نشسته به کیل

صد بپوشیدەام به روی نهان　　　یک به رنگ آوریدەام به زبان (١٥٣)

به کوردی :

(من چی بڵێم کە تۆ نەڕەنجێی....ئەگەرچی هەر وتەیەك جوان لێکئەدەیتەوە.... ئەوەندە گەڕاوم وەکو سێڵاو... تەپ و تۆزی ڕێ سەر و جل و بەرگی تەنیوە...سەدان شتم بە نهێنی هێشتووەتەوە...یەکێکیانم هاتووەتە سەرزمان) لەم نموونە شیعریەدا شاعیر دەستەواژەی(رنگ آوریدەام به زبان)بە مانای(پیشاندان و دەرخستن) بەکار ئەبات.

چون قصه بود از او در بین دوستان

وندر کشیکخانه در آن افسران کسل

با نیم مرده رنگ چراغی فسرده دل (١٥٤)

به کوردی :

(بەسەرهاتی ئەو بوو لە نێو دۆستاندا...لە سەربازگەکەدا کۆمەڵێك ئەفسەری تەمەڵی لێبوو... چاویان کز و کوێر و دڵیان بێ هەست)

(نیما) رەنگ بە مانای واقعییەکەی خۆی بەکارنابات و مەبەستی لە دەستەواژەی(مرده رنگ چراغی)،(کز و کوێر)ە.

سەرەڕای وشەی (رەنگ)، هەندێك جار (نیما) وشەی (الوان) کە بە مانای (رەنگەکان) دێت لە زمانی عەرەبیدا، لە شیعردا بۆ مەبەستێکی تایبەت بەکارئەبات کە دوورە لە مانا واقعیەکەی خۆی وەك ئەڵێت :

ای شود نیست،بماند ویران

هر تنوری که از این پشته در آن

بی من آتش بفروزند و پزند

قرصه‌های شکرین و الوان

نیست نان، پاره‌ای از قلب من است

زهرتان باد، چو اندر دهن است (١٥٥)

بەکوردی :

(هەی لەناوبچێت، وێران بێت...هەر تەنورێك کە لەم بارەدارەی من...بێ من دایبخەن و و ببرژێنن...نانی شیرین و وهەمەچەشن ودڵنشین...ئەوە نان نیە، پارچەیەکە لە دڵی من...بە ژەهرتان بێت، کاتێك لە دەمی ئەنێن)

شاعیر وشەی (الوان) بە مانای (هەمەچەشن و دڵنشین) بە کارئەبات.

لە کۆمەڵە شیعرییەکانی نیمادا بەگشتی ئەم رەنگانە هەن :

سیاه (رەش)، سفید (سپی)، تاریک (تاریک)، تیره (تۆخ)،ظلمت (زوڵمەت و رەشی)،دود (دوکەڵ)، زرد (زەرد)،سبز (سەوز)، سرخ (سوور)، احمر (سوور)،ارغوانی(ئەرخەوانی)،کبود(مۆر)، نیلی (نیلی)،لاجوردی (نیلی)،آسمانی (شینی ئاسمانی)، شفق (سوورباو)،بیاض (سپی)،ابلق (ئەبڵەق)،بنفش (وەنەوشەیی) و ئەو وشانەی کە مانای رەنگ ئەگەیەنێن و بە هۆی رەنگەوە پێناسە وەرئەگرن وەکو :

طلایی (ئاڵتوونی)، زر (زێڕ)،لعل (لەعل)،کافور (کافور)،زعفران (زەعفەران)،زمرد (زومورەد – بەردێکی گرانبەهایە–)،مرجان (مەرجان)، یاقوت (یاقوت)،عقیق (عەقیق – بەردێکی گرانبەهایە–)، میشی (رەنگێکە لە نێوان قاوەیی و رەشدا – میش واتە : بەران).

به پێی گرنگی پێدان و ژمارەی بەکاربردنەوە، رەنگەکان ئەخەینە بەرباس و نموونەیان بۆ ئەهێنینەوە :

## ڕەنگی ڕەش :

(نیما) وەك شاعیرێکی هەست ناسك و مرۆڤدۆست، ناتوانێت تەنها جوانیەکان ببینێت و چاوی لە ئاست خەڵکی هەژار، حزبی فریوکار، حکومەتی تاکڕەو و زاڵم... دابخات، بۆیە هەڵبژاردنی ڕەنگی(ڕەش) دەرخەری ڕەنگی دەروونی ئەو نیە، بەڵکو سەلمێنەری ئەو گیان و هەستە بوێرانەی ئەوە کە ئەڵێت لەسەروو ڕەشەوە هیچ ڕەنگێکی تر نییە.چەکی ئەو خامەکەیەتی،هاوارئەکات : شەوە،ڕەشە،هەستن لەخەو و زەنگی بەئاگاهاتنەوە لێئەدات،تا وەك شاعیرێك وەفای خۆی بۆ هەموو ئەوانەی لە پێناو هەق و ڕاستیدا گیانیان بەخت کردووە،دەرببڕێت.

بەپێی ئەو ژینگەیەی کە شاعیر تیایدا ژیاوە و ئەو بەسەرهاتانەی کە تەجروبەی کردوون و مامەڵەی نامرۆڤانەی دەسەڵاتداران لەگەڵ خەڵکی هەژار و بێدەسەڵاتدا، هەموو ئەمانە هۆکاری ئەوەبوون کە زۆرترین ڕەنگ کە لە شیعرەکانی (نیما) دا بەرچاو ئەکەون ڕەنگی (ڕەش) و هاوچەشنەکانیەتی.

شەبەنگی ڕەنگی ڕەش،ڕەنگی ڕەش و ئەورەنگانەی کەرەشێتی ئەنوێنن وەك:تارمایی،تاریکی،تۆخی، دوکەڵ، خۆڵەمێشی،هتد..ئەگرێتەخۆ، کە ئەم ڕەنگە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە کە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا.

ڕەنگی ڕەش و هاوچەشنەکانی لە لای (نیما)، دەرخەری پوچی و لەناوچوونە. ڕەنگی ڕەش تۆخترین ڕەنگە کە لە کۆتا سنوورەکانی ئەم ڕەنگە، ئیتر ژیان ئەوەستێت.ڕەنگی ڕەش لای ناوبراو،واتە نا،بەرامبەر بەئەرێ بوونی ڕەنگی سپی.ڕەش،نیشانەی تەسلیم بوونە و خاڵی کۆتاییە.هەڵبژاردنی ئەم ڕەنگە لە لای (نیما) دەربڕی نارەزایەتی و بێزارییە لەو بارودۆخەی کە ئەوی تیا ژیاوە.بارودۆخێك کە بێ سەروبەریی و نارێك و پێکی بەرهەم هێناوە.

(نیما) زۆرجار ڕەنگی ڕەشی بە واتا ڕاستەوخۆکەی بەکاربردووە، کە لە خوارەوە چەند نموونەیەکی شیعری ئەخەینە بەردیدی خوێنەر :

شب ز چشم سیاهم، گشاده قطره قطره سرشک پر از خون [١٥٦]

بە کوردی :

(شەو لە چاوە ڕەشەکانم، کراوەیە ... قەترە قەترە فرمێسکی پڕ لە خوێن)

مانده از شبهای دورادور، بر مسیر خامش جنگل سنگچینی از اجاقی خرد،اندرو خاکستر سردی[١٥٧]

بە کوردی :

(ئـەوەی کـە لـە شـەوە درێـژەکان ماوە،لـە ڕێگـەی بێـدەنگی جەنگەڵـدا....وەجاخێکی بـەردینی بچـووك،لە ناویداخۆڵەمێشێکی سارد)

بر سر کوههای (کپاچین)

نقطه‌ای سوخته در پیکر دود

طفل بی تابی آمد به دنیا (١٥٨)

به کوردی :

(لەسەر کێوەکانی (کپاچین)...خاڵێکی سوتاو لە پەیکەری دوکەڵ...مناڵێکی بیٚ ئۆقرە هاتە دنیا)

نفتدانش را کرد روشن لیک زآن نشد روشن خانه‌ی تاریک (١٥٩)

به کوردی :

(چرا نەوتییەکەی هەڵکرد بەڵام...خانووە تاریکەکە ڕووناك نەبووەوە)

پیش چشم او روشنی کم شد گفت در ظلمت :چه شنیدم من ! خواب دیدم من ؟ (١٦٠)

به کوردی :

(لەبەر چاوی روناکی کەم بوو...لە زوڵمەت دا وتی : چیم بیستووە من ! خەوم بینیوە من ؟)

پس به خوابی گران سرم در شد کوه را ابری تیره بر سر شد (١٦١)

به کوردی :

(کە خەوێکی قورس سەرمی داگرت .... هەورێکی ڕەش کێوەکانی داپۆشی )

سەرەڕای ئەمەش، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، شاعیر لە زۆر شیعریشدا (ڕەنگی ڕەش و هاوچەشنەکانی) بە مانـاو دەلالـەتێك بـەکاربردووە کـە ڕاسـتەوخۆ نییـە و مانـای نـوێ ئـەدات بەدەسـتەوە، کـە لـە خـوارەوە چـەندین نموونەی لەسەر وەرئەگرین :

ای دریغا روزگارم شد سیاه ! آه از این عشق قوی پی ! آه ! آه (١٦٢)

به کوردی :

(ئەی داخەکەم کە ڕۆژگارم ڕەش بوو !... ئاخ لەم عەشقە سەخت و پتەوە ! ئاخ !ئاخ!)

لەم نموونەیدا شاعیر(روزگارسیاه)ی بە مانای (خراب بوون و لەناوچوون) بەکاربردووە.

تو نبودی مگر آن هیولا

_ آن سیاه مهیب شرربار _

که کشیدم ز بیم تو فریاد ؟[(١٦٣)]

به کوری :

(تۆ مەگەر ئەو (هیولا)یە نەبوویت – ئەو رەشە ترسنام و پڕ بریسکە و بڵێسەیە –کە لە سامی تۆ هاوارم کرد؟)

لەم نموونەیەشدا شاعیر (سیاه مهیب) ی بە واتای (رەشێکی سامناك) بەکاربردووە.

گوشه بگرفته اهل دل زانند کاین سیه کاسه را نه همخوانند [(١٦٤)]

بەکوردی :

(خاوەن دڵەکان سوچی قەناعەتیان گرتووە.... هاوخوانی ئەم رژد و چاوبرسییە ناکەن )

لەم نموونەیەشدا شاعیر (سیەکاسە) بە مانای (رژد و چاوبرسی) بەکاربردووە.

عیب بر حسن تا خروشیده است حسن مردم سیا پوشیده است [(١٦٥)]

بەکوردی :

(رسواییە بۆ چاکە، تا ئەو خرۆشاوە..... چاکە لە ناو خەڵکدا رەش پۆش بووە)

لەم نموونەیەدا نیما دەستەواژەی (سیا پوشیده) بە مانای (رەش پۆشین) هێناوە و رەنگی رەشی لێرەدا بە هێمای پرسە و ماتەم و شیوەن گێڕی بەکاربردووە و مەبەستی شاعیر زاڵبوونی خراپەیە بەسەر باشەدا.

## رەنگی شین هاوچەشنەکانی :

لە پاش رەنگی رەش، شەبەنگی رەنگی شین، زۆرترین پانتایی لە دەقە شیعرییەکانی نیمادا گرتۆتە خۆ. کە ئەم شەبەنگە، دەرخەری هێمنایەتییەکی تەواوە و هەروەها هەستی یەکپارچەیی و پەیوەست بوون بەیان ئەکات.

(لە لای (ماکس لوشر) رەنگی (شین) مانای وەفاداری هەیە. ئەم رەنگە هەستی قوڵی هێمن بوون نمایش ئەکات و هەروەها دەروونناس،(لوئیس شیلینگ) رەنگی (شین) بە رەمزی هێمنێیەکی روکەشانە و وروژانێکی دەروونی دائەنێت و تامی ئەم رەنگە بە شیرین وەسف ئەکات) [(١٦٦)]

کەواتە، ئەگەر رەنگی (شین) رەنگی پێکەوەهەڵکردن و ئارامش بێت، ئەوا بژاردەی یەکەمی (نیما) نییە، چونکە ناوبراو بەردەوام لەگەڵ زوڵم و ستەمی سەردەمدا لە بەگژداچوونەوە و ناڕەزایەتیدا بووە، ئەگەرچی (نیما) پیاوی ئاشتی و پێکەوەژیانە، بەڵام زەمینەی ئەو کەشەی لەو سەردەمەدا بۆ نەڕەخساوە،ئەمەش وایکردووە کە رەنگی (رەش) پانتاییەکی فراوانی دەقەشیعرییەکانی بۆ خۆی تەرخان بکات و پاش ئەم رەنگە،

ڕەنگی (شین) پلەی دووەمی گرتووە.

لە خوارەوە چەند نموونە لە شیعری ناوبراو وەرئەگرین کە شەبەنگی ڕەنگی شین ئەگرنە خۆ، وەك ڕەنگی (مۆر، نیلی، نیلی ئاسمانی , ئاسمانی......)

آسمانها را رنگ تیرگی روفتن

و به آنها رنگ و رو دادن

از برای آنکه بفریبند مردم را به دست جادوگرهایشان (١٦٧)

به کوردی :

(ئاسمانەکانیان(شینی ئاسمانی) بە ڕەنگی تۆخ داپۆشیوە....و ڕازاندوویانەتەوە.....بۆ ئەوەی بە دەستی جادووگەرەکانیان خەڵك فریوبدەن)

جامه زربفت کرد و چشم کبود عشوه آورد و بس دلال نمود (١٦٨)

به کوردی :

(پۆشاکی زێڕی لە بەرکرد و چاوی بە ڕەنگی ئاسمانی – بە مەکر و نازو لار و لەنجەوە هات )

من آن زیبا نگارین را نشسته در پس دیوارهای نیلی شب

درین راه درخشان ستیغ کوههای سترگ می شناسم (١٦٩)

به کوردی :

(من ئەو ڕوخسار ڕازاوەیە کە لەودیو دیوارەنیلییەکانی شەودا ئۆقرەی گرتووە ......کە لەم ڕێگە درەوشاوەیەی لوتکە بەرز و زەبەلاحەکاندایە دەناسم)

کز ابر تیره روی بپوشیده آسمان واندر بسیط خاکی از آن کدورتی است (١٧٠)

به کوردی :

(کە هەوری ڕەش ئاسمانی شینی داپۆشیوە..... وە زەوی فراوان لەوە زۆر دڵتەنگە )

آب را بلعیده در گود کبود و هر زمان بیتابیش افزون

می کند زین آبها بیرون

گاه سر، گه پا. (١٧١)

به كوردی :

(ئاوی قوت داوە لە چاڵێكی رەنگ ئاسمانیدا و بێتاقەتی زیاتر ئەبێت...لەم ئاوەیا دەرئەهێنیٚ...دەمیٚ سەری و دەمیٚ قاچی)

## رەنگی زەرد و هاوچەشنەكانی :

لە دوای رەنگی (شین)، رەنگی (زەرد) لە شیعرەكانی (نیما)دا پێگەی خۆی هەیە، لە هەندێك نموونەی شیعریدا، شاعیر راستەوخۆ رەنگی (زەرد) ی وەك مانا واقعیەكەی خۆی بەكاربردووە و لە زۆر نموونەشدا بە مانای ناراستەوخۆ و دەلالەتی شیعری بەكاری هێناوە، سەرەڕای وشەی (زەرد) وشەكانی،(زر (زێڕ)، طلا (ئاڵتون)،زعفران (زەعفەران)) لە دووتوێی شیعرەكانی (نیما)دا لە سنووری رەنگی (زەرد) ئەژمارئەكرێن، ئەویش بەهۆی ئەو روخسارە زەردباوەی كە هەیانە.

رەنگی(زەرد) لە شیعری نیمادا، گەڕانە بەدوای ڕێگەیەكدا بۆ دەربازبوون لە دژوارییەكان و هێنانەئارای جیهانێكی پڕ لە برایەتی و یەكسانی و دادپەروەری. رەنگی (زەرد)،واتە فراوانخوازی و بە ئاسان وەرگرتنی رووداوەكان، زەرد هێمایە بۆ گەرمای هێمنی بەخشی خۆری درەوشاوە، هەستێكی شاد و خۆشبەختی تێدایە.

لە خوارەوە چەند نموونەیەك لە شیعری ( نیما) وەرئەگرین كە رەنگی (زەرد) راستەوخۆ بەكاربراوە :

سخنی با زبان جان پرورد          خوبتر از خزینەی زر زرد (١٧٢)

به كوردی :

(وتەیەكی سەر زمان پەروەردەی گیان بكات......باشترە لە خەزنەیەك لە زێڕی زەرد)

چند شد از خزان جهان پر دود          سرخ شد نار و زرد شد امرود (١٧٣)

به كوردی :

(ئەگەرچی بە هۆی خەزان جیهان پڕ بوو لە تەم و مژ.....بەڵام سووربوو هەنار و زەرد بوو هەرمیٚ)

لەم چەند نموونەشیعریەشدا رەنگی (زەرد و هاوچەشنەكانی) مانایەكی ناڕاستەوخۆ ئەدەن بە دەستەوە و وەك دەلالەتێكی شیعری لە لایەن شاعیرەوە بەكاربراون :

پس بجنبانم

بر فراز كوهها و درەهای غمفزای زعفرانی چهرەی آن

زندگانی دگرسان تر (١٧٤)

به كوردی :

(كەواتە بگۆڕم ...لە بەرزی كێوەكان و دۆڵە خەمهێن و پاییز روخسارەكانیان...ژیان بە جۆرێكی تر )

لە نموونەیەی سەرەوەدا،(نیما) دەستەواژەی (زعفرانی چهره) ی بە مانای (پاییز رەنگ و خەمبار) بەكاربردووە.

زرد رویی ولی بی مزدی عیب باشد به زعفران دزدی [١٧٥]

به كوردی :

(هەژاری و دەست بەتاڵ بوون ..... باشترە لەوەی كە خۆت بە هەژار و نەدار دەربخەیت)

لەم نموونە شیعریەشدا، شاعیر دەستەواژەی (زعفران دزدی) بە مانای (خۆ بە هەژار و بێ دەسەڵات نمایش كردن) بەكار ئەبات.

وقت كان گويند مانند طلائی هست اين ست و نه جز اين هيچ [١٧٦]

به كوردی :

(كات كە ئەڵێن وەك زێڕ بە نرخە، ئەمەیە و هیچی دی نیە )

لەم دەقە شعرییەشدا، (نیما) دەستەواژەی (طلائی هست ) بە مانای (گرانبەها و بە نرخ) بەكاربردووە.

## رەنگی سپی :

لە دوای رەنگی زەرد، ئەو رەنگەی كە (نیما) لە شیعرەكانیدا بەكاری ئەبات، رەنگی (سپی) یە، كە شاعیر هەردوو رووەكەی ئەم رەنگەی بەكارهێناوە، واتە سپی وەك واقیع و رەنگێكی ئاسایی، یا خود سپی وەك ناواقیع و دەلالەتێكی شیعری.

رەنگی سپی لە لای (نیما) رەنگی ئومێد و ژیانەوە و دەربازبوونە لە رۆژگارە رەشەكان. رەنگی سپی، خاڵی دەستپێك و گوژم خواردنەوە و بەردەوام بوونە.سەرەڕای ئەمانە (نیما) رەنگی سپی بە ئاشتی و پێكەوەژیان دەزانێت.لە خوارەوە چەند نموونەیەكی شیعری ئەخەینەڕوو كە بەكارهێنانی شاعیر بۆ رەنگی سپی راستەوخۆیە :

اندرو جابەجا كە چشم نديد خارە بر خارە ابرهای سفيد [١٧٧]

بەكوردی :

(لەوێدا كە چاو هیچی نەئەبینی.. تۆپەڵ تۆپەڵ هەوری سپی)

برەهای سفيد و سيە را,

نغمەی زنگها را، که یکسر

چون دل عاشق آواز خوانند(١٧٨)

بە کوردی :

(بەرخۆلە سپی و رەشەکان،... ئاوازی زەنگۆڵەکانیان کە یەکسەر ...وەك دڵی ئەویندار گۆرانی ئەچڕن)

هەروەها لە هەندێك دەقی شیعری تردا شاعیر رەنگی (سپی) بە مانا ناڕاستەوخۆکەی بەکارهێناوە، وەك:

تا سپید با سیه گشت قرین        این برآن شد دلیل و آن بر این (١٧٩)

بە کوردی :

(تا باش و خراپ هاونشینی یەك بن ... ئەم لەسەر ئەو بەڵگەیە و ئەو لەسەر ئەم)

لەم نموونەیەدا شاعیر (سپید)، بە واتای (باش) کە واتایەکی ناراستەوخۆیە بەکاربردووە.

دل سیه شد که موی کرد سپید        آب، ز ابر سیه به کشت رسید (١٨٠)

بەکوردی :

(دڵ رەش بوو تا قژی سپی بوو... ئاو، لە هەوری رەشەوە گەیشتە کێڵگە)

لەم نموونەیەشدا شاعیر (موی کرد سپید) ی بە واتای (قاڵبوون لە تەجروبەدا) بەکار بردووە.

(بەڕای دەروناسی بواری ڕەنگ (ماکس لوشەر)، لە دوای رەنگی رەش و سپی، هەر چوار رەنگی (شین، سوور، سەوز و زەرد)، رەنگی سەرەکین، کە دەرخەری پێویستییە دەروونیەکانن وەك، خۆشحاڵ بوون، سۆزداریتی، خۆدەرخستن، سەرکەوتن لە کاروکرداری رۆژانە،چاوەڕوان بوون و ئومێدەواربوون.کەسێکی ئاسایی و هاوسەنگ لەباری دەروونیەوە، لە هەڵبژاردنیدا بۆ ئەم رەنگانە بە پێی هاتنیان ڕیزبەندیان ئەکات.)(١٨١)

## رەنگی سەوز و هاوچەشنەکانی:

لە رووی ژمارەی هاتنەوە رەنگی (سەوز)، لە دوای رەنگی (سپی) ە وە دێت، سەرەڕای وشەی (سەوز)، هاوچەشنەکانیشی وەك (سەوزە، زمردی) یش هەر لەو سنوورەدا ئەژمارئەکرێن.

ئەم رەنگە لە شیعری (نیما) دا، سێیەم رەنگی سەرەکییە، کە ئاماژەیە بۆ هێز و ئیرادە و بەردەوام بوون لە خەبات و تێکۆشان و ساردنەبوونەوە. هێمای خۆبەقورسگرتنێکی دەروونییە و هەروەها شاعیر ئەیەوێت بە هێنانی رەنگی (سەوز و هاوچەشنەکانی) کاریگەری خۆی لەسەر بەرامبەر دابنێت.

بر پای بید سبز نشسته تمام روز        افکنده سر فرود چنان شاخەهای بید(١٨٢)

به كوردی :

(لــه بنــی دارەبــی یــەكی ســەوزدا دانیشــتووە بــە دریــژایی رۆژ... ســەری هــەر وەك لقــەكانی دارەبــی شۆڕكردووەتەوە)

و همان لحظه كه می آمد بهار سبز و زیبا، با نگارانش به تن رعنا [١٨٣]

به كوردی :

(و ئەو ساتەی كە بەهاری سەوز و جوان،وێنەی گوڵی رەعنای ئەڕازاندەوە)

سبزەاش را خیال پردازی ونـدر او هر گلی كه پنداری [١٨٤]

به كوردی :

(سەوزەكەی خەیاڵی مرۆڤ ئەبات.....و هەمووجۆرە گوڵێكی تێدایە كە خەیاڵ بۆی بچێ)

قبەها می بست در پیرایە بندی زمرد رنگ [١٨٥]

به كوردی :

(گومەزییەكانی بە كاشی ڕەنگ زموڕودی ئەڕازاندەوە)

## رەنگی سوور و هاوچەشنەكانی:

كۆتـا رەنگـی سـەرەكی كـە (نیما) لـە شیعرەكانیدا بـەكاری ئـەبات، رەنگـی (سـوور و هاوچەشـنەكانی) یـەتی. سنووری ئەم رەنگە پێكدێت لە (سرخ (سوور)، قرمز (سوور)، احمر (سوور)، ارغوانی (ئەرخەوانی)،شفق(رەنگی سووری خۆرئاوابوون)،مرجان (مەرجان)،یاقوت (یاقوت)، لعل (لەعل)).

لـە هەنـدێك دەقـی شیعریدا رەنگـەكان راسـتەوخۆ مانـای رەنگـی سـوور ئەگـەیـەنن و لـە هەنـدێك دەقـی تـردا دەلـەلاتی شـیعری وەرئـەگرن. و وشـەكانی (شـفق، مرجـان، یـاقوت و لـەعل) بـە هـۆی رەنگـی سروشـتیانەوە لـە تێكستە شیعرییەكانی (نیما) دا، رەنگی سوور ئەنوێنن.

(بە ڕای (ماكس لوشـر)،رەنگـی (سـوور) هێمـای سـەركەوتنە، خـۆی لـە شـێوەی حـەز و ئارەزووەكانـدا نمـایش ئەكات. كەم بەكار هاتنی رەنگی سوور، نیشانەی نەبوونی زەوق و شەوقە لە ژیانی مرۆڤدا و ئەمـەش واتـە رەنـج و ئـازاری دەروونـی بـۆ ئـەو مرۆڤـە، مـرۆڤ لـەم دۆخـەدا واهەسـت ئـەكات كـە ڕوبـەڕووی كێشـەگەلێك بووەتـەوە كـە چارەیان نییـە و كاروبارەكـە لـە كـۆنترۆڵی ئـەو دەرچـووە، كەواتـە رەنگـی (سـوور) كـە هێـز و توانایـەكی بێوێـنـە لەخۆئەگرێت، بۆ مرۆڤێك كە كەم ڕووی تێئەكات ئەبێتە سەرچاوەی ترس و ناجێگیری) [١٨٦]

ئـەم رایـەی زانـا (لوشـر)، گشـتگیرە و شـاعیرانیش ئەگرێتـە خـۆ. (نیمـا)، لـە رەنگەسـەرەكیەكاندا لـە رووی

بەکارهێنانەوە کۆتا ڕەنگە کە لە شیعرەکانیدا بەکاری ئەبات، بۆیە ئەمە واتە شاعیر گرنگیەکی ئەوتۆی بە هێز و توانای ئەم ڕەنگە نەداوە.

لە خوارەوە چەندنموونەیەکی شیعری وەر ئەگرین کە (نیما) ڕەنگی سووری بە مانا راستەوخۆکەی بەکاربردووە :

کرد از کارگاه گنج نهان روشنی های زرد و سرخ عیان [187]

بەکوردی :

(لە کارگەی خەزێنەی پەنهانەوە....رووناکی زەرد و سوری کرد ئاشکرا)

گوشواره خریدی و جوراب ارغوانی کلاه و پیراهن [188]

بە کوردی :

(گوارەت کڕی و گۆرەوی...کڵاوێکی ئەرخەوانی و کراس)

خون دل خوردەای از دست زمان

دیده زین روست که احمر داری [189]

بە کوردی :

(خوێنی دڵت خواردووە(ئازارت چەشتووە) لە دەست زەمانە...چاوەکانت بەم هۆوەیە کە سوور(احمر) هەڵگەڕاوون)

در گردش موج تیره حتی ماهی یاقوت شود تنش یکسر [190]

بە کوردی :

(لە گێژاوی شەپۆلی رەشدا تەنانەت ماسیش...هەموو لەشی سوور (یاقوت) هەڵئەگەڕێ)

دانه اشکش کافتاده فرود

دانه لعلی یعنی

که می ارزد به هزار و دو هزار [191]

بە کوردی :

(دڵۆپە فرمێسکێك کەوتە خوارەوە...هەروەك دانەیەکی لەعل، واتە...بە نرخترە لە هەزار و دوهەزار)

من نثار قدمت را چه نمایم که چه خواهم افزود گل مرجانم یا پنجەی مرواریدم [192]

بە کوردی :

(من لەبەر پێی تۆدا چی بکەمە قوربانی و چیت بۆ بکەم...گوڵی مەرجانەکەم یا پەنجەمواریدەکەم)

## ڕەنگە لاوەکییەکان (وەنەوشەیی، میشی، قاوەیی) :

### ڕەنگی وەنەوشەیی :

ڕەنگی وەنەوشەیی (تێکەڵەیەك لە ڕەنگی شین سوور)، تەنها یەك جار لە شیعرەکانیدا بەرچاو ئەکەوێت کە ئەویش ئەم دەقەی لای خوارەوەیە و لە شیعری نیمادا ئەم ڕەنگە لاوەکییە، ڕەنگێکی پەراوێزخراوە.

رنگ خاك آن خونين و بنفش شكل هر سنگش يك گونه صور (١٩٣)

بەکوردی :

(ڕەنگی خاکەکەی خوێنین (سوور) و وەنەوشەیی...هەر بەردێکی جۆرە شێوە و شکڵێکی هەیە)

### ڕەنگی میشی :

ئەم ڕەنگەش لە شیعرەکانی نیمادا لە یەك شوێندا هاتووە کە ئەم دەقەی خوارەوەیە.

با همان سبلت آويختەاش با دو چشمان خوش ميشي رنگ (١٩٤)

بەکوردی :

(بەو سمێڵە شۆڕبووانەوە...و بەو دوو چاوە زیت و میشیانەی)

### ڕەنگی قاوەیی :

نیما لە هیچ دەقێکی شیعریدا، ڕەنگی قاوەیی بەکارنەبردووە.

## بەراوردی شیعری هەردوو شاعیر :

هەردوو شاعیر،بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەنگیان بەکارهێناوە و ڕەنگ و دەلالەتە شیعرییەکانی ڕەنگ بووەتە ئامرازێك بۆ خستنەڕووی مەبەستی شیعری، ڕەنگەکان بەو پێیەی هەڵگری چەندین واتای هێمایی و دەلالەتی جۆراوجۆرن، بۆیە پانتاییەکی بەرچاویان لە شیعری هەردوو شاعیردا داگیر کردووە، بە تایبەتی کە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، زۆربەی شاعیرانی تازەکەرەوە و ڕۆمانسی بایەخێکی گەلێك گرنگیان بە ڕەنگ داوە و واتا و ڕووکەشی ڕەنگیان بە گەلێك جۆر بەکارهێناوە، بۆیە لە خوارەوە هەوڵئەدەین کە بە پێی هەریەك لە ڕەنگەکان بەراوردەکەمان ئەنجام بدەین :

## ڕەنگی زەرد و هاوچەشنەکانی:

ئەم ڕەنگە لە شیعری گۆراندا یەکەم ڕەنگە کە (٩٢ جار) دوبارە بووەتەوە، بەڵام لە شیعری نیمادا لە پلەی سێیەمدایە و (٧٨ جار) بەکاربراوە.لە زۆربەی نموونە شیعرییەکانی گۆراندا وشەی (زەرد) هاتووە و لە هەندێك نموونەشدا وشەکانی (ئاڵتوونی، زیوی، زەڕ، زەردە، گەش) بەکاربراوە. ڕەنگی (زەرد) لە شیعرەکانی (نیما)دا پێگەی خۆی هەیە، لە هەندێك نموونەی شیعریدا، شاعیر ڕاستەوخۆ ڕەنگی (زەرد) ی وەك مانا واقعیەکەی خۆی بەکاربردووە و لە زۆر نموونەشدا بە مانای ناڕاستەوخۆ و دەلالەتی شیعری بەکاری هێناوە، سەرەڕای وشەی (زەرد) وشەکانی،(زر (زێڕ)، طلا (ئاڵتون)،زعفران (زەعفەران)) لە دووتوێی شیعرەکانی (نیما)دا لە سنووری ڕەنگی (زەرد) ئەژمارئەکرێن، ئەویش بەهۆی ئەو روخسارە زەردباوەی کە هەیانە.

لە دەقە شیعرییەکانی گۆراندا، ئەوە بەدەرئەکەوێت کە ڕەنگی زەرد سەرەڕای بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ وەك ڕەنگێك لە ناو ڕەنگەکاندا، بە مەبەستی وەسفی سروشت و شتەکانی ناو سروشت(زەردبوونی گەڵاوداروەرخت، سیس بوونی گژ و گیا)، دیاردە سروشتیەکان(خۆرئاوابوون)، بارودۆخی مرۆڤ لەڕووی تەندروستییەوە (نەخۆشی، بێهێزی، لاوازی،هتد...)،دیمەنی روخساری مرۆڤ (زەردەخەنە)، جل و بەرگی ئافرەتان، ڕەگەزەکانی مرۆڤ لە ڕووی ڕەنگی پێستەوە، شەرم و ئابڕووچوون و چەندین مانا و دەلالەتی شیعری تر و هەروەها ئەوەی کە جێی سەرنجە ڕەنگی زەرد لە شیعرەکانی گۆراندا وەك (ڕەمز)ی شیعری بەکارنەهاتووە. ڕەنگی زەرد بە واتائەرێنییەکەی پانتاییەکی فراوانی شیعرەکانی گۆرانی داگیرکردووە و واتانەرێنیەکەی ئەم ڕەنگە کە ئاماژەی بۆ نەخۆشی و لاوازی و سیس بوون و ڕووزەردیی و......، کەمتر بەرچاو ئەکەوێت.

ڕەنگی(زەرد) لە شیعری نیمادا، گەڕانە بەدوای ڕێگەیەکدا بۆ دەربازبوون لە دژوارییەکان و هێنانەئارای جیهانێکی پڕ لە برایەتی و یەکسانی و دادپەروەریی. ڕەنگی (زەرد)،واتە فراوانخوازی و بە ئاسان وەرگرتنی ڕووداوەکان، زەرد هێمایە بۆ گەرمای هێمنی بەخشی خۆری درەوشاوە، هەستێکی شاد و خۆشبەختی تێدایە.

## ڕەنگی سوور و هاوچەشنەکانی :

ڕەنگی سوور دووەم ڕەنگە کە لە شیعری گۆراندا زۆترین پانتایی داگیرکردووە کە (٨٨ جار) بەکاربراوە، لەکاتێکدا ئەم ڕەنگە لە لای نیمایوشیج کۆتا ڕەنگی سەرەکی یە کە لە شیعرەکانیدا(٣٩ جار) بەکاری ئەبات. هاوچەشنەکانی ڕەنگی سوور لە شیعری گۆراندا بریتین لە (ئاڵ، یاقووتی، ئەرخەوانی، پەمەیی،خوێنی، ئاگری) کە لە هەندێك نموونەی شیعریدا گۆران مەبەستی لە ڕەنگێکی ڕووت بووە و ڕاستەوخۆ مانای بەدەستەوە داوە، بەڵام لە زۆرنموونەی شیعری تردا، ڕەنگی (سوور) دەلالەتی شیعری و مانای ناڕاستەوخۆ وەرئەگرێت و لە چەند نموونەیەکیشدا وەك ڕەمزی شیعری بەکارهاتووە. سنووری ئەم ڕەنگە لە شیعری نیمایوشیج دا،پێکدێت لە

(سرخ (سوور)، قرمز (سوور)، احمر(سوور)،ارغوانی (ئەرخەوانی)،شفق(رەنگی سووری خۆرئاوابوون)،مرجان (مەرجان)،یاقوت (یاقوت)، لعل (لەعل)).لە هەندێك دەقی شیعریدا رەنگەکان راستەوخۆ مانای رەنگی سوور ئەگەیەنن و لە هەندێك دەقی تردا دەلالەتی شیعری وەرئەگرن. و وشەکانی (شفق، مرجان، یاقوت و لەعل) بە هۆی رەنگی سروشتیانەوە لە تێکستە شیعرییەکانی (نیما) دا، رەنگی سوور ئەنوێنن.

لەو نموونەشیعریانەی گۆران کە رەنگی (سوور و هاوچەشنەکانی) تیا بەکاربراوە، وشەی (سوور) بەمانا راستەوخۆکەی کە (رەنگی سوور) بگەیەنێت، کەمتر بەکار براوە و زیاتر وشەی (سوور) لە پێناو نمایشکردنی دەلالەت و مانای ناراستەوخۆ بەکاربراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە (سوور) وەك رەمزی شیعری شوێن پێی لە ناو دەقە شیعرییەکاندا بە روونی دیارە، ئەم حاڵەتەش لەوەوەهاتووە کە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، رەنگی (سوور) سەرەڕای ئەو واتا و دەلالەتە مەعریفیانەی کە هەیەتی،لە شیعری گۆراندا، هێمای شۆڕش و خەبات و فیداکاری و قوربانیدانە لە پێناو بەدیهێنانی هەر ئامانجێکی پیرۆز کە خزمەت بە مرۆڤایەتی بگەیەنێت، لەکاتێکدا نیمایوشیج لە رەنگەسەرەکیەکاندا لە رووی بەکارهێنانەوە کۆتا رەنگە کە لە شیعرەکانیدا بەکاری ئەبات، بۆیە ئەمە واتە شاعیر گرنگیەکی ئەوتۆی بە هێز و توانای ئەم رەنگە نەداوە.

### رەنگی رەش و هاوچەشنەکانی :

ئەم رەنگە لە شیعری گۆراندا لە رووی بەکارهاتنییەوە، لە دوای رەنگی (سوور) و لە پلەی سێیەمدا دێت کە (٨١ جار) بەکارهاتووە، کە سەرەڕای بەکارهاتنی راستەوخۆ وەك رەنگێك، چەندین دەلالەت و مانای شیعری ئەگرێتە خۆ، بێ لە وشەی (رەش)، وشەکانی (سیا، تاریك، ظلمت، تاریك ولێڵی، موشکین) هاوچەشنی رەنگی رەشن.لە شیعری نیمایوشیج دا، رەنگی رەش، پلەی یەکەمی هەیە کە (٤٩٩ جار) بەکار هاتووە کە زۆرترین پانتایی لە شیعرەکانی (نیما) دا داگیرکردووە، بۆیە شەبەنگی رەنگی رەش و تۆخ، رەنگی رەش و ئەو رەنگانەی کە رەشێتی ئەنوێنن وەك : تارمایی، تاریکی، تۆخی،دوکەڵ، خۆڵەمێشی، هتد.... ئەگرێتەخۆ، کە ئەم رەنگە بە هەموو چەشنەکانییەوە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە دەقە شیعرییەکانی نیمادا.

هەندێك لە نموونە شعرییەکانی سەرەتای شاعیرێتی گۆران دەرخەری تەنگ و چەڵەمە و دەری سەری و ناخۆشی و نەبوونێ و خوێنەر بە خوێندنەوەیان، دنیایەکی پڕ لە بێزاری و تاریکی دێتە بەر چاو و وشەی (رەش و هاوچەشنەکانی) لەم دەربڕینانەدا پشکی شێریان بەرکەوتووە، بەو پێیەی کە وشەی (رەش) چەمکەکانی (ناخۆشی، ئازار، مەینەتی، دەسەڵاتی زۆردار، پرسە و شیوەن و خەفەتباری) لە خۆئەگرێت. بۆیە سەرەڕای ئەو نموونەشیعرییانەی کە رەنگی (رەش) بە واتاراستەخۆکەی بەکارهاتووە، لە چەندین دەقی تردا، واتای ناراستەوخۆ و دەلالەتی شیعری ئەبینین کە لەو دەستەواژانەوە سەرچاوە ئەگرن کە وشەی (رەش و

هاوچەشنەکانی) لە دروستبوونیاندا بەشدارن.

لە لای نیمایوشیج بەپێی ئەو ژینگەیەی کە شاعیر تیایدا ژیاوە و ئەو بەسەرهاتانەی کە تەجروبەی کردوون و مامەڵەی نامرۆڤانەی دەسەڵاتداران لەگەڵ خەڵکی هەژار و بێدەسەڵاتدا، هەموو ئەمانە هۆکاری ئەوەبوون کە رەنگی رەش و هاوچەشنەکانی لە شیعری (نیما)دا، دەرخەری پوچی و لەناوچوونە. رەنگی رەش تۆخترین رەنگە کە لە کۆتا سنوورەکانی ئەم رەنگە، ئیتر ژیان ئەوەستێت. رەنگی رەش لای ناوبراو، واتە نا، بەرامبەر بەئەرێ بوونی رەنگی سپی.رەش،نیشانەی تەسلیم بوونەوخاڵی کۆتاییە.هەڵبژاردنی ئەم رەنگە لە لای (نیما) دەربڕی نارەزایەتی و بێزارییە لەو بارودۆخەی کە ئەوی تیا ژیاوە.بارودۆخێك کە بێ سەروبەریی و نارێك و پێکی بەرهەم هێناوە.

## رەنگی سپی :

لە شیعری هەردوو شاعیردا رەنگی(سپی)لە پلەی چوارەمدا دێت کە لە شیعرەکانی گۆراندا لە پاش رەنگی رەش، دێت کە(٥٢جار) بەکارهاتووە، بەڵام لە شیعری نیمایوشیج دا لە دوای رەنگی زەرد،دێت کە (٥٨جار) بەکارهاتووە.ئەم رەنگە لە شیعری گۆراندا سەرەڕای مانایەکی راستەوخۆ و گەیاندنی رەنگی سپی، چەمکەکانی (باشی و بێگەردی، سولْح و ئاشتی، ئاسایش و بێوەیی، تەسلیم بوون بە هەق و دادپەروەری) لە خۆ ئەگرێت.

(نیما) لە شیعرەکانیدا هەردوو رووەکەی ئەم رەنگەی بەکارهێناوە، واتە سپی وەك واقیع و رەنگێکی ئاسایی، یا خود سپی وەك ناواقیع و دەلالەتێکی شیعری.

رەنگی (سپی) لە شیعرەکانی گۆراندا، زیاتر لە چەندجارێك بە دوو شێوە بەرچاو ئەکەون،یەکەمیان (سپی)وەك هێما بۆ (مرۆڤی سپی پێست) و دووهەمیان لەگەڵ (کۆتر) دا دێت کە (کۆتری سپی) هێمایەکە بۆ (ئاشتی و ئازادی) گەلان.ئەوە سەرەڕای وەسفکردنی کێوەکان بە (سەرپۆش سپی) و رەنگی سپی لە لای (نیما) رەنگی ئومێد و ژیانەوە و دەربازبوونە لە رۆژگارە رەشەکان. رەنگی سپی، خاڵی دەستپێك و گوژم خواردنەوە و بەردەوام بوونە.سەرەڕای ئەمانە (نیما) رەنگی سپی بە ئاشتی و پێکەوەژیان دەزانێت.

## رەنگی شین و هاوچەشنەکانی:

لە شیعری گۆراندا،رەنگی شین لە دوای رەنگی سپی یەوە دێت کە (٣٨جار)بەکارهاتووە و لە پلەی پێنجەمدا دێت، بەڵام لەشیعری نیمایوشیج دا ئەم رەنگە لە پاش رەنگی رەش،بە(١٠٦ جار)دووبارە بوونەوە لە پلەی دووەمدا دێت.

لە شیعرەکانی گۆراندا. وشەی (شین) لە زۆرینەی ئەو شیعرانەدا، بە ماناراستەقینەکەی هاتووە کە مانای رەنگی شینە و سەرەڕای وشەی شین، وشەکانی (کاڵ و مۆر) وەك هاوچەشنی بەکارهاتووە. لە شیعری نیمادا،

وەك هاوچەشنەكانی رەنگی شین(مۆر، نیلی، نیلی ئاسمانی , ئاسمانی) بەرچاوئەكەون.

لە شیعری گۆراندا، رەنگی شین لە زۆرترین حاڵەتدا بۆ وەسفی سروشت (ئاسمان، دەریا، ئاو، گۆم، دارودرەخت) بەكاربراوە و لە چەند حاڵەتێكی كەمدا روو لە مرۆۋ ئەكات كە ئەویش وەسفی رەنگی چاوی مرۆڤە و لە یەك حاڵەتیشدا وەسفی رەنگی جل و بەرگ ئەكات.بەو پێیەی رەنگی (شین) رەنگی پێكەوەهەڵكردن و ئارامشە و دەرخەری هێمنایەتییەكی تەواوە و هەروەها هەستی یەكپارچەیی و پەیوەیست بوون بەیان ئەكات، بۆیە لە شیعری نیمایوشیج دا، ئەم رەنگە بژاردەی یەكەم نییە،چونكە ناوبراو بەردەوام لەگەڵ زوڵم و ستەمی سەردەمدا لە بەگژداچوونەوە و ناڕەزایەتیدا بووە، ئەگەرچی (نیما) پیاوی ئاشتی و پێكەوەژیانە، بەڵام زەمینەی ئەو كەشەی لەو سەردەمەدا بۆ نەڕەخساوە،ئەمەش وایكردووە كە رەنگی (شین) پلەی دووەم بگرێت.

## رەنگی سەوز و هاوچەشنەكانی :

لە شیعری گۆراندا، رەنگی (سەوز)،(٣٤جار)بەكارهاتووە و دوای رەنگی(شین) پلەی شەشەمی هەیە،لە كاتێكدا كە لە شیعری نیمادا،ئەم رەنگە (٤٢ جار)بەكاربراوە و لە دوای رەنگی(سپی)، پلەی پێنجەمی گرتووە و سەرەڕای وشەی (سەوز)، هاوچەشنەكانیشی وەك (سەوزە، زمردی) یش هەر لەو سنوورەدا ئەژمارئەكرێن.

لە شیعری گۆراندا، زۆرترینی بەكارهاتنەكانی ئەم رەنگە،بە واتای راستەوخۆ و بۆ گەیاندنی رەنگی سەوزە، واتە گۆران رەنگی سەوزی بە تێكڕا بۆ وەسفی سروشت بە تایبەتی لە وەرزی بەهاراندا بەكاربردووە، سەرەڕای ئەو حاڵەتانەی كە دەلالەت و چەمكی جۆراوجۆر ئەگرنە خۆ، یا خود وەك رەمزی شیعری بەكاری بردوون.

ئەم رەنگە لە شیعری (نیما) دا، ئاماژەیە بۆ هێز و ئیرادە و بەردەوام بوون لە خەبات و تێكۆشان و ساردنەبوونەوە. هێمای خۆبەقورسگرتنێكی دەروونییە و هەروەها شاعیر ئەیەوێت بە هێنانی رەنگی (سەوز و هاوچەشنەكانی) كاریگەری خۆی لەسەر بەرامبەر دابنێت.

## رەنگە لاوەكییەكان (وەنەوشەیی، قاوەیی، میشی) :

لە شیعری گۆراندا هیچ یەك لەم جۆرە رەنگانە بەكارنەبراوە و لە شیعری نیمایوشیج دا، هیچ دەقێك نییە كە رەنگی قاوەیی تیابەكارهاتبێت و بۆ هەردوو رەنگی وەنەوشەیی و میشی، تەنها یەك جار بەكارهاتوون و رەنگی خۆڵەمێشی لە هاوچەشنەكانی رەش ئەژمار كراوە.

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك کە بە کورتی ئەیانخەینە ڕوو :

– ڕەنگ لە شیعری هەردوو شاعیردا سەرەڕای چەمکی زمانەوانی و فەرهەنگی و فۆڕمی روکەشانەیان، ڕۆڵی هێمایی و ڕەمزیشیان لە خۆگرتووە و لە مەبەستەشیعرییەکاندا بۆ بەکارهێنانی ڕەنگ هاوبەشییەکی بەرچاو ئەبینین لە ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتی هەردوو شاعیردا.

– ڕەنگی ڕەش بەسەر هزر و تێڕوانینی نیمادا بەتەواوەتی زاڵبووە و پانتاییەکی فراوانی لە شیعرەکانی ناوبراو داگیرکردووە، ئەگەرچی گۆران لە ڕێژەی بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەشدا لەدوای نیماوە دێت، بەڵام هەردوو شاعیر لەو چەمکانەدا کە ڕەنگی ڕەش ئەیانگرێتە خۆ هاوبەشن وەك (ستەم، نادادپەروەری، ژیانێکی تاڵ،شیوەن و پرسەگێڕان، نائومێدی و خەمباری،..).

– بەکارهێنانی هاوشێوانەی هەندێك ڕەنگ لە لای هەردوو شاعیر دەرخەری لێکچوونە لە جۆری ئازار و کێشە کۆمەڵایەتیەکانی هەردوو نەتەوەی کورد و فارس، سەرەڕای هەژاری و دەربەدەری و کێشەتایبەتییەکانی هەردوو شاعیر کە بە پێی تێکستەکانیان نزیکایەتییەکی زۆریان لەیەکەوە هەیە.

– بەو پێیەی کە ڕەنگی سوور لە سەدەی بیستەمدا، مانای سیاسی لە خۆگرت و ڕەمزی شۆڕشە خوێناویەکەی کۆمۆنیستەکان بوو، بۆیە گۆرانیش ئەم ڕەنگەی بە ڕەنگی سەرکەوتن، ڕەنگی ئاڵای شۆڕشگێڕان و هێمای حزبی کۆمۆنیستی داناوە.لە شیعری گۆراندا ئازادی و ئاسایش و یەکسانی و دادپەروەری لەسایەی ئاڵای سووردا دێتە بەرهەم. ئەم ڕەنگە لای نیما چالاکی زۆر کەمە و ناوبراو گرنگییەکی ئەوتۆی بە هێز و توانای ئەم ڕەنگە نەداوە.

– ڕەنگی زەرد لە شیعری گۆراندا پێگەیەکی پیرۆز و چەمکە ئەرێنیەکەی لە خۆ گرتووە کە گەرمی و پیرۆزی و هیوا و ئومێدە و کەمتر چەمکی نەرێنی ئەم ڕەنگە لە شیعری ناوبراودا دیارە، لەکاتێکدا کە ڕەنگی زەرد لە شیعری نیمادا زەردی روخسار و بێهێزی و نەخۆشی و شڵەژان و خەم و خەفەتە.

– ڕەنگەکانی سپی و سەوز و شین لە شیعری هەردوو شاعیردا هاوبەشییەکی زۆریان هەیە لە ڕووی چەمکی بەکارهاتنەوە و هێمای ئاشتی و سەرسەوزی و ژیانەوە و ئۆقرەیی و پیرۆزیین و ئەمەش مانای ئەوەیە کە شیعری هەردوو شاعیر عەوداڵی جیهانێکە، کە پڕبێت لە ئاشتی و یەکسانی و دادپەروەری و ژیانێکی بەختەوەر.

## پەراوێزەکان


١- رنگ، بهرەوری و نوآوری، فرزانه کارکیا،انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٧٥، چاپی یەکەم، ل ١٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٩.

٣- صور خیال در شعر فارسی،محمد رضا شفیعی کدکنی،انتشارات آگاه،تهران، ١٣٧٨، ل ٢٧٥.

٤- تاریخ بیهقی، ابولفضل بیهقی، انتشارات مهتاب، تهران، چاپی شەشەم، ١٣٧٦، ل ١٣.

٥-اسطوره و بیان نمادین،ابولقاسم اسماعیل پور،انتشارات سروش،تهران،چاپی یەکەم،١٣٧٧،ل ٢٢.

٦- اولین دانشگاه و آخرین پیامبر،سید رضا پاك نژاد،انتشارات کتابفروشی اسلامی،تهران، ١٣٦١،ل ٧٣.

٧- اصطلاحات الصوفیه،عبدالرزاق کاشانی،ت.محمدعلی مودودلاری،انتشارات حوزه هنری،تهران،١٣٧٦،ل ١٩٢

٨- فتوت نامه سلطانی،واعظ کاشفی سبزواری، چاپ اول، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، تهران، ١٣٤٨،ل ٦٨.

٩- رەنگ لە زمانی کوردیدا، مستەفا محمد کریم زەنگەنە،زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی ئاداب، ٢٠٠١، ل ٥٨.

١٠- نگاهی به سهراب سپهری،سیروس شمیسا،انتشارات مروارید، تهران، چاپ هفتم،١٣٧٦، ل ١٠٣.

١١- اتاق آبی، سهراب سپهری، انتشارات سروش، تهران، چاپ دوم، ١٣٧٠،ل ٢٣-٢٤.

١٢- رەنگ لە زمانی کوردیدا (نامەی دکتۆرا)،مستەفا محمد کریم زەنگەنە، ل ٥٧.

١٣ – هەمان سەرچاوە، ل ٥٥.

١٤- اصطلاحات الصوفیه، عبدالرزاق کاشانی، ل ١٩١.

١٥- رنگ و تربیت،مهدی علی اکبر زاده،انتشارات میشا، تهران، چاپ دوم،١٣٧٨، ل ٧٨ – ٨٠.

١٦- رمز پردازی آتش، ژان پیەر بایار، ترجمه :جلال ستاری،نشر مرکز، تهران،چاپ اول،١٣٧٦ ل ١٣١.

١٧- رەنگ لە زمانی کوردیدا (نامەی دکتۆرا)،مستەفا محمد کریم زەنگەنە، ل ٥٢.

١٨- تجلی رنگ در اندیشه و تفکر ملت کرد، یدالله شهبازی، تهران، ١٩٩٨، زربار، ژ٢، ل ٢٨.

١٩- رنگ در تصویر سینمائی،حمید توکلی،نامەی دکتۆرا، زانکۆی تربیت مدرس،تهران،١٣٧٨، ل ٧٤-٧٥.

٢٠- رنگ و تربیت،مهدی علی اکبر زاده،ل ٧٠.

٢١- رەنگ لە زمانی کوردیدا ل ٥٤.

٢٢- تجلی رنگ در اندیشه و تفکر ملت کرد، یدالله شهبازی،ل ٦٥.

٢٣- رنگ در تصویر سینمائی،حمید توکلی، ل ٨١.

٢٤- رەنگ لە زمانی کوردیدا، ل ٦٠.

٢٥-هەمان سەرچاوە، ل ٦٠.

٢٦- و یکون التجاوز، محمد جزائری، مطبعة الشعب، بغداد، ١٩٧٤، ل ٢٦٢.

٢٧- سەرجەم بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم (دیوانی گۆران)،کۆکردنەوەی محمدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی

زانیاری عێراق، ۱۹۸۰، شیعری کوردستان، ل ۱۹۱.
۲۸- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری جەژنی نەورۆز، ل ۱۹۳.
۲۹- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بۆ گەورەیەکی شیعردۆست، ل ۱۱٤.
۳۰- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری شەوێکی بەهار، ل ۱۷۲.
۳۱-سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بۆ زاخاوی مێشك، ل ٥۲۹.
۳۲- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری هەمەجۆرە، ل ٥٤٤.
۳۳- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری ئافرەت و جوانی، ل ۹.
۳٤- هەمان سەرچاوە، ل ۹.
۳٥- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بۆ گەورەکچێك، ل ٤۱.
۳٦- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بۆ کچێکی بێگانە، ل ٤۷.
۳۷- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری شەوێك لە عەبدوڵڵا، ل ٥۳.
۳۸- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری دواسرنج، ل ۲۰۸.
۳۹- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری پییەر لۆتی، ل ٥۰٤.
٤۰- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری هەوری پایز،ل ۱٦٦.
٤۱- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعریناڵەی بێکار، ل ۲۰۰.
٤۲- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گوڵاڵە برایمە، ل ۲٤٤.
٤۳- هەمان سەرچاوە، ل ۲٤۷.
٤٤- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بۆ لاوان، ل ۳۳۲.
٤٥- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گوڵی خوێناوی، ل ۱٦.
٤٦- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری ئافرەت و جوانی، ل ۹.
٤۷- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری جوانی لە لادێ، ل ۳۲.
٤۸- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری ڕێگای لەنین، ل ۳۰۷.
٤۹- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری لەسەرەمەرگی هیوادا، ل ۹٤.
٥۰- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گەشت لە قەرەداغ، ل ۱۳۷.
٥۱- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری پایز، ل ۱٦٤.
٥۲ - سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بەهاری پاش باران، ۱۷۸.
٥۳- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری کوردستان، ل ۱۸۹.
٥٤- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری ئەنجامی یاران، ل ۳٤۷.
٥٥- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری ئافرەت و جوانی، ل ۹.

٥٦- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گەشت لە قەرەداغ، ل ١٥٣.
٥٧- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بەسەرهاتی ئەستێرەیەك، ل ١٧٤.
٥٨- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گوڵی خوێناوی، ل ١٧.
٥٩- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری مۆسکۆی جوان، ل ٣٠٤.
٦٠- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بۆ کچێکی بێگانە، ل ٤٨.
٦١- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بۆ زاخاوی مێشك، ل ٥١٧.
٦٢- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری جیلوەی شانۆ، ل ١١٢.
٦٣- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بەسەرهاتی ئەستێرەیەك، ١٧٤.
٦٤- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری مۆسکۆی ئەیار، ل ٣٢٥.
٦٥- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گوڵی کەم خایەن، ل ٩٥.
٦٦- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری شەوێك لە عەبدوڵلا، ل ٥٤.
٦٧- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری داخی دڵ، ل ٤٥٩.
٦٨- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گەشت لە قەرەداغ، ل ١٥١.
٦٩- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری شیوەنی گولاڵە، ل ٩٧.
٧٠- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری ئاوێنەی هەستیم، ل ٢٢٥.
٧١- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گولاڵە برایمە، ل ٢٤٠.
٧٢- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بە ڕێگادا بەرەوکۆنفرانس، ل ٣١٦.
٧٣- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری مزگەوت، ل ١٣٢.
٧٤- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری عەرزوحاڵ، ل ٣٨٢.
٧٥- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری لەبەختی تار، ل ٦٨.
٧٦- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری لە بەندیخانە،ل ٢١٨.
٧٧- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گولاڵە برایمە، ل ٢٤٥.
٧٨- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری پەیامی کورد، ل ٢٥٨.
٧٩- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بەستەی نەبەز، ل ٢٧٠.
٨٠- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری مۆسکۆی ئەیار، ل ٣٢٤.
٨١- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بت بتەوان، ل ٢٨٨.
٨٢- هەمان سەرچاوە، ل ٢٩١.
٨٣- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری یادی لەنین، ل ٤١٧.
٨٤- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری ئافرەت و جوانی، ل ١٠.

٨٥- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری ئاواتی دووری، ل ١٣.

٨٦- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری خۆزگەم بە پار، ل ٢٢.

٨٧- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری جوانی لە لادێ، ل ٣٣.

٨٨- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بووکێکی ناکام، ل ٥٩.

٨٩- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بۆ زاخاوی مێشك، ل ٥٣٤.

٩٠- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری هاوڕێم بێ کەس، ل ٨٨.

٩١- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بەردەنووسێك، ل ٢١١.

٩٢- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری تازە ؟، ل ١٨٠.

٩٣- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری پەیامی کورد، ل ٢٥٧.

٩٤- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بۆ مایکڵ، ل ٢٧٦.

٩٥- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بت – بتەوان، ل ٢٨٣.

٩٦- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری ئاوابوونێك، ل ٣٣٧.

٩٧- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری ئەی شەوقی گەلاوێژ، ل ٦٥.

٩٨- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گەشت لە هەورامان، ل ١٣٤.

٩٩- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بۆ کچێکی بێگانە، ل ٤٨.

١٠٠- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بۆ هیوای کوڕم، ل ٢٠٣.

١٠١- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری ئەی شەوقی گەلاوێژ، ل ٦٦.

١٠٢- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری شەوێکی بەهار، ل ١٧١.

١٠٣- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گەشت لە هەورامان، ل ١٣١.

١٠٤- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری تەرجیع بەندێکی بەناوبانگ، ل ٤٧٢.

١٠٥- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری ڕەوتێکی جوان، ل ١١.

١٠٦- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری لە درزی پەچەوە، ل ٣٤.

١٠٧- هەمان سەرچاوە، ل ٣٥.

١٠٨- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری لەسەرەمەرگی هیوادا،ل ٩٣.

١٠٩- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گەشت لە هەورامان، ل ١٢٧.

١١٠- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گەشت لە قەرەداغ، ل ١٤٢.

١١١- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری لە بنی بیر ! ل ٢٧٢.

١١٢- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بۆ گەورەکچێك، ل ٤١.

١١٣- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری پەیامی کورد، ل ٢٥٣.

١١٤- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بانگێك بۆ پۆل رۆپسن..، ل ٢٧٨.

١١٥- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری لە زیندانا چواردەی تەمووز، ل ٢٨٠.

١١٦- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری مۆسکۆی جوان، ل ٣٠٤.

١١٧- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری تیروکەوان، ل ٣٢٨.

١١٨- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بەستەی دڵدار، ل ٢٨.

١١٩- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری نیاز، ل ٤٣.

١٢٠- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری شەوێك لە عەبدوڵڵا، ل ٥٦.

١٢١- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری لەسەرەمەرگی هیوادا، ل ٩٣.

١٢٢- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بۆ بلبل، ل ١٠٧.

١٢٣- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گەشت لە قەرەداغ، ل ١٣٨.

١٢٤- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧.

١٢٥- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٧.

١٢٦- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بەسەرهاتی ئەستێرەیەك، ل ١٧٤.

١٢٧- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بت - بتەوان، ل ٢٨٧.

١٢٨- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گەشت لە قەرەداغ، ل ١٣٧.

١٢٩- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری دیمەنێکی بەهار،ل ١٦٩.

١٣٠ - سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گوڵاڵە برایمە، ل ٢٤٠.

١٣١- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بت - بتەوان، ل ٢٨٣.

١٣٢- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری چیرۆکێکی برایەتی، ل ٣٢٣.

١٣٣- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری نیاز، ل ٤٣.

١٣٤- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بوکێکی ناکام، ل ٥٧.

١٣٥- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری لە لادیێ، ل ٦٠.

١٣٦- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری سەوزەگیای پایز، ل ١٦٧.

١٣٧- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری رەوتێکی جوان، ل ١٢.

١٣٨- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری لە درزی پەچەوە، ل ٣٤.

١٣٩- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری گەشت لە قەرەداغ، ل ١٣٨.

١٤٠- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بەهاری پاش باران، ل ١٧٨.

١٤١- هەمان سەرچاوە،ل ١٧٩.

١٤٢- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری دواسەرنج، ل ٢٠٧.

١٤٣- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری عەرزوحالّ، ل ٣٨٢.
١٤٤- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بۆ زاخاوی مێشك، ل ٥٣٧.
١٤٥- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری جوانی بیّ ئاو، ل ٤٥.
١٤٦- سەرجەم بەرهەمی گۆران، شیعری بووکێکی ناکام، ل ٥٧.
١٤٧- خانەام ابری است، تقی پورنامداریان،تهران، سروش، ١٣٧٧ ك.ه،ل ٢١ - ٣٠.
١٤٨- حکایات وخانواده سرباز،نیمایوشیج، تهران، امیر کبیر، ١٣٥٣، ل ٧١،٧٢.
١٤٩- فریادهای دیگر، نیمایوشیج،نشر دنیا، تهران، ١٣٦٤، ل ٢١.
١٥٠- مانلی و خانەی سریویلی، نیمایوشیج،انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٢، ل ٧٦.
١٥١- مجموعه اشعار(بشارت)،نیمایوشیج،تدوین سیروس طاهباز،تهران،١٣٧٠،چاپ دوم،انتشارات نگاه،ل ١١١.
١٥٢- مجموعه کامل اشعار (منظومه قلعه سقریم)، ل ١٧٠.
١٥٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٧٤.
١٥٤- مجموعه کامل اشعار (منظومه سرباز فولادین)، ل ١٣٣.
١٥٥- مجموعه کامل اشعار (منظومه خارکن)، ل ٨٤.
١٥٦- افسانه، نیمایوشیج،تدوین :سیروس طاهباز، چاپ فجر اسلام، تهران، ١٣٧٠، ل ٨.
١٥٧- چکامەها(اجاق سرد)،نیمایوشیج،تدوین :سیروس طاهباز، چاپ فجر اسلام، تهران، ١٣٧٠،ل١٠.
١٥٨-افسانه، نیمایوشیج،ل ١١.
١٥٩- حکایات وخانواده سرباز،نیمایوشیج، تهران، امیر کبیر، ١٣٥٣، ل ٦٥.
١٦٠ - هەمان سەرچاوە، ل ٦٨.
١٦١- مجموعه کامل اشعار (منظومه قلعه سقریم)، ل ١٧٥.
١٦٢- فریادهای دیگر(قصەی رنگ پریده)، نیمایوشیج،نشر دنیا، تهران، ١٣٦٤، ل ٢١.
١٦٣- افسانه، نیمایوشیج، ل ٥.
١٦٤- مجموعه کامل اشعار(منظومه قلعه سقریم)، ل ١٦٥.
١٦٥- هەمان سەرچاوە ل ١٩٣.
١٦٦- روانشناسی رنگها، ماکس لوشر،ترجمه :ویدا ابی زاده، تهران، درسا،١٣٨٤، ل ٧٨.
١٦٧- مانلی و خانەی سریویلی، نیمایوشیج، ل ٧٤.
١٦٨- مجموعه کامل اشعار(منظومه قلعه سقریم)، ل ١٧٨.
١٦٩- قلم انداز، نیمایوشیج، تهران، انتشارات دنیا، ١٣٥٢، شعر (می خندد).
١٧٠- مجموعه کامل اشعار - (منظومه سرباز فولادین)، ل ١٤٤.
١٧١- چکامەها(ای آدمها)،نیمایوشیج،ل٣.

١٧٢-مجموعه كامل اشعار ـ (منظومه قلعه سقريم)، ل ١٦٩.

١٧٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٧٣.

١٧٤- مانلی و خانەی سریویلی، نیمایوشیج،ل ٨٤.

١٧٥- مجموعه كامل اشعار (منظومه قلعه سقريم)، ل ١٧٨.

١٧٦- مجموعه كامل اشعار (منظومه به شهريار)، ل ٣٢٠.

١٧٧- مجموعه كامل اشعار (منظومه قلعه سقريم)، ل ١٦٨.

١٧٨- افسانه، نیمایوشیج، ل ١٣.

١٧٩- مجموعه كامل اشعار ـ (منظومه قلعه سقريم)، ل ١٧٤.

١٨٠- هەمان سەرچاوە، ل ١٦١.

١٨١- روانشناسی رنگها، ماكس لوشر، ل ٣٠.

١٨٢-مجموعه كامل اشعار (منظومه اشعار ديگر)، ل ٣٢٠.

١٨٣- مانلی و خانەی سریویلی، نیمایوشیج، ل ٥٦.

١٨٤-مجموعه كامل اشعار (منظومه قلعه سقريم)،ل ١٨٢.

١٨٥- مجموعه كامل اشعار (منظومه به شهريار)، ل ٣١٩.

١٨٦- روانشناسی رنگها، ماكس لوشر، ل ٨٦ - ٩٠.

١٨٧- مجموعه كامل اشعار (منظومه قلعه سقريم)، ل ١٨٢.

١٨٨- مجموعه كامل اشعار (مجموعه منظومەها)، شعر محبس.

١٨٩-مجموعه كامل اشعار (منظومه اشعار ديگر، شعر فضای بی چون.

١٩٠- مجموعه كامل اشعار (مجموعه شعر من)، شعر پريان.

١٩١- مجموعه كامل اشعار (مجموعه شهر شب) شعر مادری و پسری.

١٩٢- مانلی و خانەی سریویلی، نیمایوشیج،ل ٢٨.

١٩٣-مجموعه كامل اشعار (منظومه اشعار ديگر)، شعر خاطره امزناسر.

١٩٤- هەمان سەرچاوە، شعر روز بيست و نهم.

## سەرچاوەکان

**بەکوردی :**

١-ئەدەبی كوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی كوردی،علاالدين سەجادی، چاپخانەی مەعاريف، بەغدا،١٩٦٧.

٢-ئێستاتیکا، فەلسەفەی جوانی و هونەر، کەمال مەمەند، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٧.

٣- ئافرەت و جوانی لە شیعری گۆراندا، کەمال مەمەند، گۆڤاری نووسەری کورد، ژ ١، ساڵی ١٩٧٩.
٤-رەنگ لە زمانی کوردیدا(نامەی دکتۆرا)،مستەفا محمد کریم زەنگەنە،زانکۆی سەلاحەدین، ئاداب، ٢٠٠١.
٥-رەنگ لە رەنگداندا، ئەحمەد سالار،چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩.
٦- سەرجەم بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم (دیوانی گۆران)،کۆکردنەوەی محمدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠.
٧- سروشت لە شیعری گۆران دا، د.فازیل مەجید محمود، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٧.

**بە فارسی :**

١- اسطوره و بیان نمادین،ابولقاسم اسماعیل پور،انتشارات سروش،تهران،چاپی یەکەم،١٣٧٧ ک.ه.
٢- اولین دانشگاه و آخرین پیامبر،سید رضا پاك نژاد،انتشارات کتابفروشی اسلامی،تهران، ١٣٦١ ک.ه.
٣- اصطلاحات الصوفیه،عبدالرزاق کاشانی،ت.محمدعلی مودودلاری،انتشارات حوزه هنری،تهران،١٣٧٦.
٤- اتاق آبی، سهراب سپهری، انتشارات سروش، تهران، چاپ دوم، ١٣٧٠ .
٥- افسانه، نیمایوشیج،تدوین :سیروس طاهباز، چاپ فجر اسلام، تهران، ١٣٧٠.
٦- تجلی رنگ در اندیشه و تفکر ملت کرد، یدالله شهبازی، تهران، ١٩٩٨، زریار، ژ٢ .
٧- تاریخ بیهقی، ابولفضل بیهقی، انتشارات مهتاب، تهران، چاپی شەشەم، ١٣٧٦.
٨- حکایات وخانواده سرباز،نیمایوشیج، تهران، امیر کبیر، ١٣٥٣.
٩- خانەام ابری است، تقی پورنامداریان،تهران، سروش، ١٣٧٧.
١٠- چکامەها(اجاق سرد)،نیمایوشیج،تدوین :سیروس طاهباز، چاپ فجر اسلام، تهران، ١٣٧٠.
١١- رنگ، بهرەوری و نوآوری، فرزانه کارکیا،انتشارات دانشگاه تهران، چاپی یەکەم، ١٣٧٥.
١٢- روانشناسی رنگها، ماکس لوشر،ترجمه :ویدا ابی زاده، تهران، درسا،١٣٨٤.
١٣- رنگ و تربیت،مهدی علی اکبر زاده،انتشارات میشا، تهران، چاپ دوم،١٣٧٨.
١٤- رمز پردازی آتش، ژان پیەر بایار، ترجمه :جلال ستاری،نشر مرکز، تهران،چاپ اول،١٣٧٦.
١٥- رنگ در تصویر سینمائی،حمید توکلی،نامەی دکتۆرا، زانکۆی تربیت مدرس،تهران،١٣٧٨.
١٦- فریادهای دیگر، نیمایوشیج،نشر دنیا، تهران، ١٣٦٤.
١٧- فتوت نامه سلطانی،واعظ کاشفی سبزواری،چاپ اول، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، تهران، ١٣٤٨.
١٨- قلم انداز، نیمایوشیج، تهران، انتشارات دنیا، ١٣٥٢، شعر (می خندد).
١٩- صور خیال در شعر فارسی،محمد رضا شفیعی کدکنی،انتشارات آگاه،تهران، ١٣٧٨.
٢٠- مانلی و خانەی سریویلی، نیمایوشیج،انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٢.
٢١- مجموعه کامل اشعار، نیمایوشیج،تدوین سیروس طاهباز، چاپ دوم،انتشارات نگاه، تهران،١٣٧٠.
٢٢- نگاهی به سهراب سپهری،سیروس شمیسا،انتشارات مروارید، تهران، چاپ هفتم،١٣٧٦.

عەرەبی :

١- و يكون التجاوز، محمد جزائرى، مطبعة الشعب، بغداد، ١٩٧٤.

## ملخص البحث

يقع الانسان بإستمرار تحت تأثير الألوان الموجودة في بيئته التي يعيش فيها, فالألوان عنصر مهم لطالما أثار رغبة الانسان وإنتباهه.

يعبر الشاعر عن مشاعر الحب , الخوف, الغضب, الخ... عن طريق القوة الموجودة في الألوان. واللون كالعنصر الأكثر تجسيدا في دائرة المحسوسات جذبَ نفس وروح (جوهر) الانسان بشكل عام والشعراء بشكل خاص منذ القدم, وتحوَّل الى عنصر بارز في إظهار القدرة الإبداعية للشعراء في أشعارهم.

اللون هو نواة الطمأنينة وذروة تَزَيُّن عالم الإنسان, والشعراء كذوّاقين للجمال ومرهفي الإحساس, بغرض إغناء صورهم الشعرية أكثر قد إستفادوا من الألوان أو إستخدموا الألوان كرموز للتعبير عن المفاهيم التي لم يستطيعوا التعبير عنها بشكل مباشر, خاصة في العصور التي كان شعر الشعراء فيها يتعرض لمراقبة السلطة الدكتاتورية (الإستبدادية).

اللون هو العلامة الفارقة للمرئيات, وكل إنسان لديه إنطباع عن الألوان بحسب إختصاصه وفهمه الخاص لها, منظور الشعراء عامة والشاعرين (گوران و نيمايوشيج) خاصة للألوان هو منظور جوهري و من الاعماق, لأن نظرتهم لِلَون مختلفة عن نظرة بقية الناس بشكل نسبياً.

يزخرف الشعراء لوحاتهم الشعرية عن طريق إستخدام الكلمات إستخداما مغايرا للناس العاديين, ويُعطى الدور الرئيسي في ذلك للّون.

# Abstract

Humans are under the influence of the environment that they live. This always makes human’s attention and love excited. Through the strength of the colour, poet expresses his/her love, fear, anger and etc…For ages, colour is the most outstanding and sensible element that draws the attention of the humans in general and the poets particularly. Colour becomes a major factor in making creativity of the poets. Colour is the source of calmness and the climax of the beauty in the world of human beings. Meanwhile, as an aesthete and sensible person, the poets get benefits from the colour in strengthening the images of their poems, or they use it as a symbol for those concepts in which they cannot express them directly. For instance, this is existed when the poems are constantly under the observation of the dictators.

Colour is a noticeable symbol of the objects that can be seen easily. Everyone has their own understanding for colour based on their background and speciality. All the poets and particularly both Goran and Nimayushij have their own viewpoint for colour in which colour extends to their essences because their points of view are basically different from the others. That is why, by using different languages and the selecting strange words, the poet’s language is different from the language of common people and write their poems consequently. So, colour has a great role in writing poems.